# گوڵکەند

Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (١١)

یەکشەممە ٢٠٢٥/٣/٢


# بووژانەوەی گەشتیاریی زستانە



دیمەنێکی وەرزشوانان لە فیستیڤاڵی خلیسکێنەی سەر بەفر - چۆمان

وێنە: محەمەد شوانی



# بەرهەمی تەماتەی کوردستان

## لە فڕێدانەوە بۆ هەناردەکردن

**دهۆك بەرۆژی**

بەر لە چوار ساڵ کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر لە سەروبەندی داخستندا بوو، جووتیارانی ناوچەکەش نەیاندەزانی چۆن بەرهەمی تەماتەیان لە بازاڕەکان ساغ بکەنەوە و زیانی گەورەیان پێ دەگەیشت، بەڵام بە بڕیارێکی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کارگەکە خرایەوە گەڕ، ئێستا ڕۆژانە زیاتر لە ٧٠ تۆن دۆشاوی تەماتە بەرهەم دێنێ، نەک هەر لە بازاڕەکانی ناوەخۆدا، بەڵکو هەناردەی دەرەوەی وڵاتیش دەکرێت

لە جیهانی کشتوکاڵدا، تەماتە بە بەرهەمی سەرەکی دادەندرێت بۆ وەدەستخستنی قازانج، کەشوهەوای هەرێمی کوردستانیش لەبارترینە بۆ بەرهەمهێنانی، بۆیە بە پیشەسازیکردنی بەرهەمی تەماتەی جووتیارانی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی کارگەی هەریرەوە، قازانجێکی گەورەی ئابووری لێ کەوتەوە.

ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دوو کارگەی دۆشاوی تەماتە هەن. یەکیان لە سنووری شارەزوور و ئەوی تر لە هەریرە، دۆشاوی تەماتە بە کوالێتییەکی بەرز و بەپێی ستاندارە جیهانییەکان بەرهەم دەهێنن. ئەو دوو کارگەیە هەلی کاریان بۆ دەیان گەنج و دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان ڕەخساندووە.



کارمەندێکی کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر لە میانی کارکردندا

وێنە: هێمن بابان

لەمبارەیەوە شوان حەمید بەڕێوەبەری کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر بۆ (گڵکەند) ڕای گەیاند «ئێمە ڕۆژانە بەرهەمی جووتیاران لە ناوەخۆی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراقیش وەردەگرین. کارگەکە هەلی کاری بۆ زیاتر لە ٩٠ گەنجی هەریر و دەوروبەری ڕەخساندووە. زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەم کارگەیە سوودمەندن".

ئێستا کارگەکە ڕۆژانە زیاتر لە ٧٠ تۆن دۆشاوی تەماتە بەرهەم دەهێنێت و ڕەوانەی شارەکانی کوردستان، عێراق و دەرەوەی وڵاتیش دەکرێت. شوان حەمید ئاماژەی بەوە دەکات کە بەرهەمەکە ئۆرگانیک و خۆماڵییە، تەنها لە تەماتە دروست دەکرێ و هیچ ماددەیەکی دیکەی لەگەڵ تێکەڵ ناکرێت. خۆشحاڵیشە کە خەڵکی کوردستان لە بەرهەمەکە ڕازیین.

بەگوتەی بەڕێوەبەری کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر، لە دەرەوەی کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر دۆشاوی تەماتەی کارگەکە هەیە، پێش چەند ساڵێک یەکەم کاروانی بەرهەمی دۆشاوەکەیان هەناردەی ئەمەریکا کرد. پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا و ئێستا بازاڕیان لە ئەمریکا زۆر باشە. لە وڵاتانی ئەورووپا و کەنداوی عەرەبیش بەگشتی خواستی زۆر لەسەر بەرهەمەکە هەیە. تا ئێستا سەرووی ٣٠٠ تۆن دۆشاوی تەماتە ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان کراوە.

لەبارەی کوالێتی دۆشاوی تەماتەکەی هەریریشەوە، سومەییە سەدیق کارمەندی بەشی تاقیگەی کارگەکە ئاماژە بە پشکنینە بەردەوامەکان دەدات کە تایبەتن بە بەرهەمی دۆشاوەکان و ڕۆژانە بە چەند فیلتەرێکدا تێپەڕ دەبن، تا بەپێی ستانداردی زانستی و جیهانی بخرێنە بازاڕەوە.

کارگەی ئاوی تەماتەی هەریر یەکێکە لە گەورەترین کارگەکانی قوتووبەندی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئامێرەکانی گۆڕدران و دووبارە کارگەکە خرایەوە کار، وەزارەتی کشتوکاڵ یاداشتی لێک تێگەیشتنی لەگەڵ کارگەکەدا کردووە تا بەرهەمی نێوەخۆیی جووتیاران بکڕێتەوە. لەو کارگەیەدا دوو ساڵی ڕابردوو ڕۆژانە ١٠٠ تاوەکو ١٥٠ تۆن تەماتە لە جووتیاران وەرگیراوە و دۆشاوی تەماتەی لێ بەرهەم هێندراوە.

# مانگانە هەزار کەس لە هەولێرەوە بە ئۆتۆمۆبێلی خۆیان گەشتی دەرەوەی وڵات دەکەن

**دوین ئاریان**

ژمارەیەک ئۆتۆمۆبێل لەناو گۆڕەپانی بەڕێوەبەرایەتیی گومرگی هەولێر ڕاگیراون، خاوەنەکانیان دەیانەوێ مۆڵەتی تایبەت بۆ گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات، وەربگرن.

لە بەدواداچوونێکی (گڵکەند)دا دەرکەوت، تەنیا لە هەولێر لە ساڵی ٢٠٢٤دا زیاتر لە ١١ هەزار و ٨٠٠ کەس، مۆڵەتی گەشتکردنیان بە ئۆتۆمۆبێلی تایبەت بۆ دەرەوەی وڵات وەرگرتووە، بەو واتایەی مانگانە نزیکەی هەزار کەس.

لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل بە ڕێگە دوورەکاندا و چێژوەرگرتن لە دیمەنە سروشتییەکان دەشێ یەکێک لە ئەزموون و یادگارییە شیرینەکانی ژیانی مرۆڤ بێت، لە جیهاندا جۆرە گەشتێک هەیە بە ناوی (road trip) واتە گەڕان بە ڕێگادا، لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەمەریکا وەک دیاردەیەکی نوێی خۆشگوزەرانی سەری هەڵدا و جیهانی گرتەوە.

ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو جۆرە گەشتکردنە لە کوردستاندا لە پەرەسەندن دایە، هەندێک لە گەشتیاران پێیان وایە خۆشترین جۆری گەشت و گەڕان ئەوەیە بە ئۆتۆمۆبێلی خۆت بە نێوان وڵاتانی دراوسێدا بگەڕێی

یەکێک لەو گەشتیارانەی نۆرەیان گرتبوو بە ناوی سەمەد قاسم لە لێدوانێکی بۆ (گڵکەند) گوتی ئەو کەسەی بەئۆتۆمۆبێلی خۆی گەشت دەکات دەتوانێت کاتی گەشتەکە دیاری بکات، بەبێ ئەوەی بەهۆی خشتەی کۆمپانیاکانی گواستنەوە سنووردار بکرێت.

دەشڵێ گەشتیار کە ئۆتۆمۆبێلی خۆی پێ بوو، بەپێی قەرەباڵغیی هاتوچۆ دەتوانێت ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێت، دەتوانێ بڕیار بدات کەی پشووی بدات، بەبێ ئەوەی پابەند بێت بە کاتە دیاریکراوەکانەوە.

سەمەد باس لەوەش دەکات کە پێشتر بە ئۆتۆمۆبێلی خۆی سەردانی تورکیا و ئێرانی کردووە، دەڵێ لە هەموو کەس زیاتر جوانییەکانی سروشتی ئەو وڵاتانەی بینیوە و شارەزای کولتووری شارنشین و گوندنشینەکانیان بووە، هەروەها بە ئارەزووی خۆی ڕێگەی گەڕان و شوێنی حەسانەوەی دیاری کردووە.


کاروان ڕواندزی گەشتیارێکی دیکەیە کە پێشتر چەند جارێک سەردانی وڵاتی تورکیای کردووە، پێی وایە گەشتکردن بە ئۆتۆمۆبێل چێژبەخشترە و بڕوا بەخۆبوون زیاتر دەکات، بەتایبەت ئەو کاتانەی دەتەوێ لە ڕێگەی (جی پی ئێس)ەوە شوێنی دڵخوازی خۆت بدۆزیتەوە.

هەروەها هەستێکی خۆشی هەیە کاتێک کوردانی باکور لە ڕێگەی ئۆتۆمۆبێلەکانیانەوە دەزانن کە لە باشوورەوە چوون و لە سیمایاندا دڵخۆشییەکی زۆر بەدی دەکەن.

گەنجێکی شەقڵاوەش بەناوی سەنگەر ناسر کاتێک فیزای شنگنی وەرگرتووە بە ئۆتۆمۆبێلی خۆی لە هەولێرەوە گەشتی بۆ نۆ وڵاتی ئەورووپی کردووە، لەبارەی ئەزموونەکەیەوە دەڵێ لە ڕێگەی ئەوروپا ١٧ هەزار کیلۆمەتری بڕیوە، ئەم گەشتەی بووەتە پڕخۆشیترین و پڕیادگاریترین ڕۆژەکانی ژیانی.

ئەوەش ناشارێتەوە کە زۆر ماندوو بووە، بەڵام زۆر شتی نوێش لەم گەشتەیدا فێر بووە، شوێنی وای بینیوە کە ئەگەر بە فڕۆکە گەشتەکەی کردبا، هەرگیز نەیدەدیتن.

بەپێی ڕێنماییە گومرگییەکانی هەرێمی کوردستان، هەر گەشتیارێک بیەوێ بە ئۆتۆمۆبێلی خۆی گەشت بکات، پێویستە ئۆتۆمۆبێلەکە بەناوی خۆی بێت یان وەکالەی بۆ کرابێت و مۆڵەتی نێودەوڵەتیی هەبێت، لە هەمان کاتدا حجز دەکەوێتە سەر ئۆتۆمۆبێلەکەی، هەروەها پێویستە گەشتیار لە کاتی پشکنینی ئۆتۆمۆبێلەکەی پاسپۆرتەکەیشی لەگەڵ خۆی ببات، جگە لەمەش بەڵگەنامەیشی پێ پڕ دەکرێتەوە.



وێنە: زیرەکی دەسکرد

چەند ئۆتۆمۆبێلێک لە ڕێگەی ئیستەنبوڵ.

## جووتسایدی ماوەران - میراوە

# ڕێگای هاملتۆن کورت دەکاتەوە

زیرەک تاریق

ڕێگەیەکی ستراتیژیی نوێ بۆ پەرەپێدانی هاتوچۆی گەشتیاری و بازرگانی، کە بڕیارە ئەمساڵ تەواو بێت، بە یەک جار چەندین کێشەی هاتوچۆ لە سنوورەکە چارەسەر دەکات، ڕێگەی بارهەڵگر ئاسانتر و هیی ڕێبوار و گەشتیارانیش سەلامەتتر و کورتتر دەکاتەوە.

چاوەڕێ دەکرێ بەم زووانە تەواوکردنی جووتسایدە نوێیە نۆ کیلۆمەتر و نیویەکەی ماوەران بۆ میراوەی شەقڵاوە، لەگەڵ چاککردن و پەرەپێدانی هەردوو تونێڵی ماوەران و شەقڵاوە، گۆڕانێکی گەورە لە ڕەوتی هاتوچۆ و گەشتیاری لە سنووری پارێزگای هەولێر بێنێتە دی.

جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە لە کۆتاییی ساڵی ڕابردووەوە لەلایەن کۆمپانیای (نۆڕس لایت)ەوە دەستی پێ کردووە، بەگوێرەی لێدوانی ئەندازیار مالیک محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی پڕۆژەکانی ڕێگەوبان لە کۆمپانیاکە بۆ (گڵکەند)، پلان ئەوەیە پڕۆژەکە بەر لە وادەی دیاریکراوی خۆی تەواو بکرێ، بەجۆرێک کە لە کۆتاییی ئەمساڵدا جووتسایدە نوێیەکە بە ڕووی گەشتیاران و ڕێبواراندا بکرێتەوە.

لێکۆڵینەوەکانی هاتوچۆی سنوورەکە دەریان خستووە ٧٠٪ی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی لە وەرزی گەشتوگوزاردا ڕوو لە شەقڵاوە دەکەن، لەوێ نامێننەوە، بەڵکو بە شەقڵاوەدا تێ دەپەڕن بەرەو سنوورە گەشتیارییەکانی دەشتی هەریر و ڕواندز، یان چیای کۆڕەک، چۆمان و حاجی ئۆمەران.

بەگوێرەی قسەی ئەندازیارەکەی کۆمپانیای جێبەجێکار، تەنها ٣٠٪ی ئۆتۆمۆبێلەکان لە شەقڵاوە دەمێننەوە و دواتر دەگەڕێنەوە سنوورەکانی خۆیان، بەم شێوەیە لە داهاتوودا گوشاری زیادەی سەر شەقڵاوە نامێنێ، چیی دیکە سنوورەکە تووشی خنکانی هاتوچۆ نابێت، وەک ئەوەی زۆربەی جار لە ڕۆژانی هەینیدا هەزاران ئۆتۆمۆبێل بۆ چەند کاتژمێرێک لە ڕێگەی قەرەباڵغی شەقڵاوەدا گیر دەبن.

ئەندازیار مالیک دەڵێ بەتەواوبوونی ئەو جووتسایدە نوێیە، ٧٠٪ی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی ئێستە ڕۆژانە بەشەقڵاوەدا تێ دەپەڕن، ناچنە شەقڵاوە، بەڵکو یەکسەر بە دەستەچەپ لە ڕێگەی تونێڵەوە لادەدەن و بە خێرایی بەرەو ئەو ناوچانە تێ دەپەڕن کە مەبەستیانە. ئاماژەش بەوە دەدات کە ئەو دوو تونێڵە نوێیە ئاستی خزمەتگوزاریی هاتوچۆ لە ناوچەکە زۆر بەرز دەکەنەوە، ڕێگەکان کورت دەکەنەوە، شۆفێر و ڕێبوار ڕووبەڕووی ناڕەحەتی نابنەوە لە سەرکەوتن و دابەزینی لۆفە.

لەبارەی وردەکاریی پڕۆژەکەشەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێگە نوێیەکە نۆ کیلۆمەتر و نیوە، هەروەها تونێڵی یەکەم کە تونێڵی ماوەرانە درێژییەکەی نزیکەی ٩٥٠ مەترە و کاتی خۆی کە دروست کراوە کێشەی هەبووە، بەتایبەتی لە هەردوو دەروازەکەی، ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندیی خۆڵی ناوچەکەوە بووە کە جیاوازە لەگەڵ خۆڵی ناوچەکانی تری کوردستان و بەهۆی ئاوەوە خۆڵەکە هەڵدەئاوسێ و یەکدی ناگرێ، کاتی خۆی بۆ چارەسەرکردنی بەچیمەنتۆ ڕووپۆش کرا، بەڵام بەهۆی هەڵاوسانی خۆڵەکەوە داڕمایەوە، ئێستا ئەوان لە پڕۆژە نوێیەکەدا بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکی، تونێڵەکەیان بەدرێژاییی ٣٠٠ مەتر درێژ کردووەتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر لە داهاتوودا هەر داڕمانێکی تریش خۆڵەکەی گرتەوە، بتوانن بەئاسانی تونێڵەکەی لێ بپارێزن و کێشەی هاتوچۆ لە سنوورەکە دروست نەبێت.

گوتیشی تونێڵی دووەم کە میراوەیە، ئێستە هاتوچۆی لەسەرە، بەڵام کاتی خۆی بە چەند کەموکورتییەکەوە جێبەجێ کراوە و کێشەی هەیە، لەوانەش کێشەی ڕووناکی و کارەبا، هەروەها کێشەی ئاڵوگۆڕی هەوا و دەرچەکان، لە ڕێگەی ئەم پڕۆژە نوێیەوە ئەم تونێڵەش نۆژەن دەکرێتەوە و کێشەکانی چارەسەر دەکەن

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە درێژەی پڕۆژە ستراتیژییەکانی پەرەپێدانی تۆڕی ڕێگاوبان، ئەم پڕۆژە نوێیەی لە سنووری شەقڵاوە دەست پێ کردووە، کە لە ناوچەی پیشەسازییەوە تا تونێڵی میراوە درێژ دەبێتەوە. بودجەی پڕۆژەکە زیاتر لە ٩٠ ملیار دینارە، بەشێکە لە پلانی گشتگیری کابینەی نۆیەم بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی گواستنەوە.

خەتاب قادر دەروێش بەڕێوەبەری ڕێگەوبانی هەولێر لە لێدوانێکی بۆ (گڵکەند) ئاماژەی بەوە کرد کە پڕۆژەکە گرینگییەکی ستراتیژیی هەیە، چونکە ڕێگەی سەرەکیی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاویش لە گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری و بازرگانیی ناوچەکەدا دەبینێت.

دەشڵێ پڕۆژەکە دوو ئەندەرپاسی نوێ بۆ ڕێکخستنی هاتوچۆ لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ زیادکردن و ڕێکخستنەوەی ئاوبەرەکان، هەروەها سنووری خێراییی لێخوڕینیش لە ٨٠ کیلۆمەترەوە بۆ ١٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بەرز دەکرێتەوە، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاتی گەشت و باشترکردنی کاراییی گواستنەوە


بەڕێوەبەری ڕێگەوبانی هەولێر ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە داهاتوودا پلانی جێبەجێکردنی پڕۆژەی فراوانکردن و بەجووتسایدکردنی پێچەکانی چیای سپیلکیش هەیە، بەڵام جارێ وادەی جێبەجێکردنەکەی دیار نییە.



پێشبینی دەکرێ پێش کۆتایی ئەمساڵ ڕێگاکە بەڕووی ڕێبواراندا بکرێتەوە

وێنە: عەلی سەعدی

## 300 لۆ هەولێر



شێرزاد هەینی

# یانەی فەرمانبەران

لە کتێبی "هەولێر لە بەڵگەنامە عێراقی و بریتانییەکاندا"ی بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان، لە چەندان لاپەڕەدا باسی یانەی فەرمانبەرانی هەولێر کراوە، لەوەش دیارە نادی مۆزەفین لە ١٩٢٨ لەلایەن دەستەیەک فەرمانبەری هەولێری دامەزراوە! بەڵام دیار نییە یانەکە لەو ساڵە لە کوێ، چۆن بووە، چالاکییەکانی چی بوون! ئەو زانیارییەی لەسەر یانەکە زانراوە لەو کتێبەدا ڕوون کراوەتەوە، بە دیکۆمێنیت دیارن.

لە ١٩٣٠\٩\٧ نووسراوێکی ڕەسمی بەئیمزای موتەسەڕیفی هەولێر، داوای مۆڵەت لە وەزارەتی ناوەخۆ لە بەغدا کراوە، تا داوای فەرمانبەرەکانی هەولێر جێبەجێ بکەن، چونکە یانەکە بەپێی پەیڕەوێکی تایبەت دانراوە!

بەنووسراوێکی تایبەتی موتەسەڕیفیەت لە ڕۆژی ١٩٣٣\٨\٣١ ناوی دەستەی یانەکەی بۆ وەزارەتی ناوەخۆ ناردووە، کە بە هەڵبژاردن دەرچوون. ئەوەی دیارە دەستەکە کەسایەتیی دیاری ناو شارەکە بوون، بەپێی ناوەکان؛ موسڵمان و دیان و جوویان لەناودا بووە. کەسی براوە، یان دەنگی یەکەمی یانەکە ٣٣ دەنگی هەبووە، ئەویش بووە بەسەرۆکی یانەکە!

لە ١٩٣٥دا دووبارە یانەکە هەڵبژاردنیان بۆ دەستەکەیان کردووە، کەسی یەکەمی براوەش ٣١ دەنگی هەبووە، لەوانە لیوای سەربازی، بەڕێوەبەری پۆلیسیان لەگەڵدا بووە، هەروەها مامۆستا "ئەحمەد ناجی" بەڕێوەبەری قوتابخانەی (اربیل الاولی)، وەک کەسایەتیی دیاری شارەکە، باوکی ڕەحمەتی "جەودەت ئەحمەد ناجی" لەناو دەستەکەدا بووە.

ئەو هەڵبژاردنە ساڵانە بووە، لە ١٩٣٦ براوەی یەکەم ٤٧ دەنگی هێناوە. "موحسین ئاغا" وەک سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بووە.

ئەندامانی یانەکە، کەسایەتیی پایەداری شارەکە بوون، وەک بەڕێوەبەری پۆلیس، گومرگ، لیوای سەربازی، سەرۆکی تەندروستی، گەنجینە، تەجنید، مودیر ناحیە، مەعاریف. لە ١٩٣٩ ئەمین ڕواندزی دەنگی زۆرینەی هێناوە!

لە ١٩٤٨ دەستەی یانەکە بڕیاریان داوە، ئابوونەی مانگانەی فەرمانبەران بەپێی مووچەکانیان بێت، بۆ نموونە ئەوانەی مووچەیان لە ٨ تا ١٠ دینارە، مانگانە ١٥٠ فلس، بەڵام ئەوانەی مووچەیان ٣٠ دینارە ٣٥٠ فلس بدەن! من لە ١٩٧٨ دامەزرام، لەناو لیستی مووچەکەمان بۆ بەشداربوونمان لە نادی مۆزەفین پارەیەکی کەمیان لێ دەبڕین، ئەوەش ئیجباری بووە

لەو کتێبەدا زۆر لەسەر یانەکەی هەولێر و عەنکاوەی فەرمانبەران بابەتی ڕەسمی بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، ئێستا لە ٢٠٢٤ لە هەولێر یانەی فەرمانبەران نییە!

# مام عەنۆ



مام عەنۆ
شێوەکار: ژیلەمۆ

# کریستیانێک دەردی هەولێرییانی تیمار دەکرد

**هەژار مەجید**

سەردەمانێک مەسیحییەکی عەنکاوە بووەتە حەکیمی دەردی هەولێرییان، ئەگەرچی دەرچووی هیچ بەشێکی پزیشکی نەبووە، بەڵام ئەزموونی زۆری لە چارەسەرکردنی نەخۆش و بریندار، ناوبانگێکی گەورەی پێ داوە و سنووری هەولێریشی بڕیوە.

حەنا شەمعوون، ناسراو بە مام حەنای تەبیب، کە موسڵمانەکانی هەولێر بە عەنۆ دیان بانگیان کردووە، خەڵکی گوندی عەنکاوە بووە و ساڵی ١٨٨٧ لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦٣ش هەر لە عەنکاوە کۆچی دوایی کردووە، ئەو پیاوە لە گیا و درەخت دەرمانی کوردەواریی دروست کردووە و برینی مرۆڤ و ئاژەڵی پێ تیمار کردووە.

خارە محەمەد حەسەن، تەمەن هەشتا و نۆ ساڵ، خەڵکی گوندی دارەتووی شاری هەولێرە، ئەو کە لە نزیکەوە چەند جارێک عەنۆ دیانی بینیوە، باس لەوە دەکات کە ئەو تەبیبە لە پیشەکەی خۆی شارەزا و بەتوانا بووە، ناوبانگێکی گەورەی دەرکردووە، لە گوندەکانی دەشتی هەولێرێوە بگرە تا دەگاتە شەقڵاوە، هەر کەسێک بریندار بوایە، دەچوون بەدوای عەنۆ دیاندا تا برینداره‌کە تیمار بکات.

خارە محەمەد حەسەن، لەبارەی پیشەکەی مام حەنا بۆ (گڵکەند) دەڵێت، «لە سارەکانی چل و پەنجایەکان عەنۆ دیان لە هەولێرێ بەناوبانگ بوو، دەستی تەبیبی هەبوو، هەینێ دختۆر و شت نەبوون، کەسەک بەتفەنگی یان بە خەنجەری برینداربا، دەیانگۆت بڕۆنە دوو عەنۆ دیانی با بێ عیلاجی بکاتن، عیلاجەکانی بە دەرمانی کوردەواری دەکرد.»

خارە محەمەد، دەشڵێت «مام عەنۆ بەس عیلاجی ئینسانی نەدەکرد، عەیوان و وراغیش برینداربان یان سەی هار پەلاماری دابان، دەهات عیلاجی دەکردن، لە بیرمە ئەمن پارچەرە بووم جارەکی هاتە دارەتووی، وراغەک بریندار ببوو، سێ چار ڕۆژان لە کنە مە ماوە هەتا عیلاجی کرد و بەسەر پێی خۆی کەتەوە، سەیارە و مەیارەش نەبوو، لۆیە هەتا عیلاجەکەی تەواو نەکردبا نەدەچۆوە عەنکاوەی.»

ئەو ساڵانە لە وەرزی بەهاردا ئەو جۆرە گیایانەی کۆ کردووەتەوە کە لە دروستکردنی دەرمان سوودی لێ بینیون، جگە لە تیماری برین، چارەسەری جۆرەها نەخۆشیی تریشی کردووە.

بنەماڵەی حەنا شەمعوون لە عەنکاوە بەحەکیم ناسراون، نەوزاد پۆڵس، یەکێکە لە کوڕەزاکانی مام حەنا، باس لە شارەزاییی باپیری لە بواری پزیشکی دەکات و دەڵێت، «ئەو شەماشە بووە لە کەنیسەی، یەعنی لەوێ خیندیتی و خزمەتی کەنیسەی کردیە، بەس دەیزانی بە زمانی سریانی بنووسی و بخینی، کوردی و عەرەبی هیچ نەدەزانی، ئەویش ئیشەکەی لە باپیری خۆی فێر بوو بوو، هەموو نەخۆشەک عیلاجی دەکرد، لۆیەش بە عائیلەی مە دەرێن حەکیم.»

مام عەنۆ، جگە لە کاری پزیشکی هیچ کارێکی تری نەکردووە، لەو سەردەمەی کە ئەو تیایدا ژیاوە پارە کەم بووە، مامەڵەکردن زیاتر بە گۆڕینەوەی خواردن و کەلوپەل بووە، بۆیە خەڵکی لە بەرامبەر ماندووبوونی مام عەنۆ، دانەوێڵە و ئاژەڵیان داوەتێ.

---

بتشکێن



گۆران سەباح

## هەڵوێستی ڕۆشنبیران

هەر فەرتەنەیەک ڕوو دەدات لە کوردستان، خەڵک بێ ئەوەی بزانن مەسەلە چییە جوێن بە حزبەکان دەدەن، پاشان، هەزار و یەک قسە بە ڕۆشنبیران دەڵێن، گوایە هەڵوێستیان نییە. هەندێ نموونەی فەرتەنە: مووچە، گەندەڵی، لافاو، کەم ئاوی، کێماسیی خزمەتگوزاری، لیستەکە درێژە و نابڕێتەوە.

ئەرێ ئیشی ڕۆشنبیر ئەوەیە بەگژ دەسەڵاتدا بچێت و ملی لەبەر ملی بنێ؟ نا، ئەوە ئیشی پەرلەمان و یاسایە. ئەرێ سیفەتی ڕۆشنبیر ئەوەیە ببێتە بندیواری حزبێک یان لایەنێک؟ نا، ڕۆشنبیر دەبێ سەربەخۆ بێت، لایەنگیرییەکەی تەنێ لە هۆڵی دەنگدانە، ئەویش نهێنییە.

ئەرێ ئیشی ڕۆشنبیر ئەوەیە دەستت بگرێت و ببێتە فریادڕەست؟ نەخێر. ئەدی ڕۆشنبیر چ بکات، هەڵوێستی چ بێت لە کاتی پشێوی و ستەمدا؟

لەم گەڕەلاوژەی سۆشیال میدیادا، لەم ڕک بەرکانێ و بێ سەروبەرییەدا، ڕۆشنبیر هەرچی بڵێ، یەکسەر دەیخەنە پاڵ حزبێک یان لایەنێک، یانیش دەیکەن بە ناپاک و سەت ناو و ناتۆرەی پێوە دەنێن.

هەر کوێ بێتە دەنگ، دەڵێن ئەوە پارتییە یان یەکێتییە یان ئیسلامییە. ڕۆشنبیر هەرچی بڵێ پیاوخراپ دەبێ و بەجۆرێک بەسەریدا دەشکێتەوە. ئەدی چی بکات؟ ئەدی ئیشی ڕۆشنبیر ئەوە نییە ڕای گشتی دروست بکات؟ با. بەڵام با ئەم پرسیارەش بکەین: چما خەڵک بەگوێی ڕۆشنبیران دەکەن؟ ئەرێ خەڵک پڕۆژەی ڕۆشنبیران دەخوێننەوە، یان تەنیا گوێ لە تیکتۆکچییان دەگرن؟

با هەتا ئێوارێ ڕۆشنبیر بنووسێ و پڕۆژەی هەبێ، فلسی سووتای ناهێنێت، ئەگەر خەڵک وشیار نەبێت، بەس کای لە مێشکیدا بێت. ئەمن باسی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە دەکەم، ئەوەی پێشتر پێناسەم کرد. بەڵێ ڕۆشنبیری ڕاستەقینە هەیە و پڕۆژەی زۆر باشیشیان پێیە، بەس کێ بە ڕبەی وان شت دەپێوێت؟

یەک لەبارە خۆم، زۆر جار، چ بە نامە، چ ڕووبەڕوو، ئەوەیان بە چاو دادایمە: ئەرێ ئەتو هەڵوێستت چییە؟ ئەمنیش دەڵێم، هەڵوێستی من وا لەنێو کتێبەکانمە، وا لەنێو وتارەکانمە، بەس کە ئەنگۆ نەخوێننەوە ئەمن چ بکەم. کە دەسەڵات فشەی پێ بێ، ئەمن چ بکەم؟ خۆ نایەم لەسەر جادەی بە موکەبیرە هاوار بکەم.

لەبەر هەندێ، پێش ئەوەی جوێن بدەی و بێ هەڵوێست پێشانم بدەی، ئیش لەسەر وشیاریت بکە، چاوت بکەوە.



# فیستیڤاڵی پرژێ

## کوردستان دەتوانێ ببێتە ڕووگەی گەشتیاری زستانە

## کۆنسوڵی کۆریا: بەفری کوردستان لە هی وڵاتەکەم دەچێت

**دهۆك بەڕۆژی**

سنچۆڵ لیم کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەولێر، لەم ڕۆژانە وێنەی بەفر بارینی ناو شاری سلێمانیی بینیوە و دەڵێ زۆر لە هیی کۆریای باشوور دەچێت.

لیم لە میانی سەردانیکردنی دامەزراوەی (کوردستان کرۆنیکڵ)دا ڕای گەیاند کە پێشتر باوەڕی نەدەکرد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەفر بارین ببینێت، بەڵام پار لە میانی سەردانیکردنی چیای کۆڕەک، خەونەکەی هاتە دی و یەکەم دیمەنی سەرسوڕهێنەری بەفری بینی. دەشڵێ ئەو چیایە شوێنێکی نموونەییە بۆ دیتنی دیمەنی بەفر بارین و جوانییەکانی سروشتی کوردستان.

ئەو کونسوڵە باسیش لەوە دەکات کە بەفری چیاکان دەرخەری کەشوهەوای پاکی کوردستانن، بۆیە پێی وایە کوردستان دەتوانێ بە ژینگە پاکەکەی ببێتە پێشەنگی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

جگە لە چیای کۆڕەک، چیاکانی باڵەکایەتی، پرژێ، حەساری سەکران و هەڵگورد، کە دەکەونە زنجیرە چیای حەسارۆستەوە، بەهۆی بەرزییان لە ئاستی ڕووی دەریاوە لە سێ وەرزی ساڵدا بەفریان تێدا دەمێنێتەوە و لەبارن بۆ خلیسکێنەی سەر بەفر.

بەم هۆیەوە هاوینەهەواری پرژێی سنووری گوندی وێزە، لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوودا بە بەشداریی دەیان وەرزشوانی نێوەخۆیی و بیانی، پێشوازیی لە فیستیڤاڵی خلیسکێنەی سەر بەفر کرد، کە ئەمساڵ بۆ حەفتەمین جار لە سنووری چۆمان بەڕێوە چوو.

ئەم فیستیڤاڵە سەلماندی کە کوردستان دەتوانێ ببێتە ڕووگەی گەشتیاری زستانە، سروشتی جوانی کوردستان و کولتوور و فەرهەنگەکەی بەگەشتیاران و یاریزانانی بیانی ئاشنا کرد، هەروەها دووبارە بووەوە بەهاندەرێکی گەورەی پەرەپێدانی وەرزشە زستانییەکان

ماوەی چەند ساڵێکە گرووپێک لە وەرزشوان و شاخەوانان لەسەر بەفری ئەم چیایانە وەرزشی خلیسکێنەی سەر بەفر "سکی" دەکەن و بەشدارێکی کارای فیستیڤاڵی ساڵانەن لە پرژێ.



وێنەکان: محەمەد شوانی

دیمەنی چالاکییەکی کولتووری لە میانی فیستیڤاڵی خلیسکێنەی سەر بەفر

لە فیستیڤاڵەکەدا چەند یاریزانێکی بیانی بە یارییە سەرکێشییەکان خەڵکیان سەرسام کرد، کە ژمارەیان لە ٢٣ یاریزانی نێودەوڵەتیی خلیسکێنەی سەر بەفر زیاتر بوو و، نمایشیان بۆ فیستیڤاڵی بەفری ئەمساڵ دەکرد.

ئانا تاسیج یاریزانی نێودەوڵەتیی خلیسکێنەی سەر بەفر بۆ (گڵکەند) گوتی "ئەمە سێیەم ساڵە لە سلۆڤینیاوە بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی بەفر سەردانی کوردستان دەکەم، ژمارەیەک یاریزانی سکیم لەگەڵە و ئەم یارییە سەرکێشییە لە شوێنێکی هەرە شیاوی جیهان دەکەین».

لای خۆیەوە بەختیار بەهجەت سەرپەرشتیاری گرووپی (سکی چۆمان) کە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە و ٣٥ ئەندامی هەیە، لەبارەی سروشتی ناوچەکە و لەباربوونی بۆ خلیسکێنەی سەر بەفر و ئەنجامدانی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی لەو زنجیرە چیایانە دەڵێ: سنووری باڵەکایەتی بۆ ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان و نمایشی یاریی خلیسکانێی سەر بەفر، شیاوترین شوێنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

باس لەوەش دەکات، حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی سیاسەتی ڕاکێشان و زیادکردنی گەشتیار لە هەرێم پەیڕەو بکات، سوود لە ناوچە کوێستانییەکان وەرگرێ بۆ زیادکردنی داهاتی ناوەخۆ.

هەروەها مەحبووب عەزیز ئافرەتێکی هەولێرە و بەشداربووی یاریی سکییە دەڵێ هەرچەندە زۆر باش نییە لە یاریی خلیسکانێ، بەڵام ئەمساڵ ئامادەکاریی باشتری کردبوو بۆ فیستیڤاڵی بەفر و خلیسکانێی سەر بەفر. زیاتر لە ١٣٠ یاریزانی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی بەشدارییان لەو فیستیڤاڵەدا کرد کە لە شیاوترین سروشتی کوردستان ئەنجام درا، بەهۆی ئەوەی بەرز و نزمییەکانی ناوچەکە زۆر لەبارە بۆ ئەنجامدانی یاریی خلیسکێنەی سەر بەفر، لەلایەکی دیکەشەوە پرژە تەنها ١٦٠ کیلۆمەتر لە هەولێری پایەتەختەوە دوورە و لە هەر چوار وەرزی ساڵدا بەفری لێ دەمێنێت.







دیمەنێکی وەرزشوانان لەمیانی فیستیڤاڵەکە

# نهێنیی کۆڵانە تەنگەبەرەکانی جاران



وێنە: شلێر سەعید

دیمەنی کۆڵانێکی تەنگەبەری شاری کۆیە

ڕەسووڵ بەختیار

لە کۆڵانی تەنگەبەردا شان مەدە لە شانم، لەو کۆڵانە تەنگەبەرانەی سیمایەکی دیاری گەڕەکە کۆنەکانی هەولێر بوون، ئەوانە لەخۆڕا دروست نەبوون و بەمانای ئەوە نایەن کە هیچ ڕێکخستنێک بۆ دروستکردنی خانووبەرە نەبووە، یاخود شارەوانی گوێی پێ نەداون، بەڵکو هەبوونی ئەو خانووانە لە تەک یەکتریدا دەگەڕێتەوە بۆ باری کۆمەڵایەتیی ئەوسا، کاتێک خەڵک ویستوویانە لە یەکتری نێزیک بن و بۆ چارەسەری کێشەکانیان زوو بگەنە فریای یەکتری و ئاگاداری ورد و درشتی یەکتری بوون، خەڵکی کۆڵانێک وەکو یەک خێزان دەژیان، تا ئەم دواییەش کاتێک خێزانێک دەچووە شوێنێکماڵی بەهاوسێیەکەی دەسپارد، ئەویش وەک ماڵی خۆی چاودێریی دەکرد، چ جای لەو کۆڵانە تەنگەبەرانە.

هەروەها کوڕەکان کاتێ زەماوەندیان کردووە، باوک و دایکیان نەیانویستووە لێیان دوور بکەونەوە، بۆیە لە تەک خۆیاندا خانوویان بۆیان دروست کردوون، لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەو برا و کوڕانە ڕۆیشتوون و چوونەتە شوێنی دیکە.

ئەو کۆڵانە تەنگەبەرانەی دەرچوونیان نییە و داخراون، زۆر جاران بوونەتە جێی بیرکردنەوە و پرسیار، بەڵام لە کۆتاییدا ئەویش هەر دەگەڕایەوە بۆ بارە کۆمەڵایەتییەکە، ئەوەی دەچووە ئەو کۆڵانانە بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵ بووە یان بۆ سەردانیکردنی یەکێک لەو ماڵانەی کۆڵانەکان بووە، واتە ئەو کۆڵانانە بۆ پێدا تێپەڕین و پیاسەکردن نەبوون.

کۆڵانی تەنگەبەر لە گەڕەکە کۆنەکانی وەک خانەقا هەبوون، لەوێ سێ کۆڵانی تەنگەبەر هەن، لە گەڕەکی تەعجیلیش کۆڵانێک هەیە، لە گەڕەکی سەیداوەش دوو کۆڵان هەبوون، هەروەها لە گەڕەکی سێتاقان ئەوبەر و ئەوبەر دوو کۆڵانی تەنگەبەر هەبوون.

لە شارەکانی دەوروبەری هەولێریش هەبوون، لە شاری کۆیە چەند گەڕەکێکی وەک بایزاخا و قەڵات کۆڵانی تەنگەبەریان تیایە، لە کاولۆکانی ڕەواندزێش کۆڵانێکی تەنگەبەر هەبوو، لە شارۆچکەی شەقڵاوەش لە گوندە کۆنەکە، چەندین کۆڵانی تەنگەبەر هەن، لە شارۆچکەی تەقتەقیش کۆڵانێکی تەنگەبەر لە گەڕەکە کۆنەکە هەیە، لە مەخموریش چوار کۆڵانی تەنگەبەر هەن.

لە زۆربەی شارە کۆنەکانی جیهانیشدا ئەو جۆرە کۆڵانانە بەدی دەکرێن، ئێستا زۆربەی ئەو کۆڵانە تەنگەبەرانە بوونەتە جێگەی سەرنجی گەشتیاران، کە بەخۆشییەوە دەڕواننە ئەو کۆڵانانە، بەشێکیان کورتن و درێژ نین، کەچی بەشێکی دیکەیان زۆر درێژن، لە تەک ئەمەدا بەشێک لەو کۆڵانانە دەرچوونیان نییە، واتە کۆتاییی ڕێگەیە، ئەو کۆڵانانە چ لە کوردستان یان لە شارە کۆنەکانی دیکەی جیهان تەنیا جێگەی دوو کەسی تیادا دەبێتەوە یەک هاتوو و ئەوی دیکە چوون، یاخود کۆڵان هەبووە تەنیا جێگەی یەک کەسی تیادا بووەتەوە تا هاتوچۆی تیادا بکات.

ئێستا بەشێک لەو کۆڵانانە نەماون، بەهۆی بوونی هۆیەکانی هاتوچۆ و ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبێل لە کۆڵانەکان، پێشتر هیچ کام لە هۆیەکانی هاتوچۆ نەبوون، بۆیە ئاسایی بووە ئەو کۆڵانانە هەبن، باسیش لەوە دەکرێ لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا بەشێک لەوانەی لە دەست پیاوانی ڕژێمی بەعس ڕایان کردبوو، کاتێک چوونەتە نێو ئەو کۆڵانە تەنگەبەرانە خۆیان ون کردووە و سەرباز نەیانتوانیوە بیاندۆزنەوە.

# خەیاتەکانی خەتێ



هەرمان خالید

لە کۆتاییی هەشتاکان و نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، ساڵانە دوو سێ جار لەگەڵ باوکم دەچووینە دوکانەکانی بن ئوتێل مێرگەسۆر لە پشت باغی شاری ناوەندی هەولێرێ. مام نوورەدین خەیاتی خەتێ دوای بەخێرهێنان، بە فوتەکەی درێژی و کەمەر و دەلینگی دەپێوام و شەرواڵێکی لەو قوماشەی خۆم هەڵم دەبژارد، بۆ دروست دەکردم

مام نوورەدین خەڵکی گوندی خەتێی دۆڵی خۆشناوەتی بوو، وەکو زۆربەی خەڵکی گوندەکەی، بەرگدوور (خەیات)ێکی کارامە بوو و هەموو جۆرە جلوبەرگێکی کوردیی پیاوانەی دەدووری.

لەمێژە لە گوندی خەتێی دەڤەری خۆشناوەتی، پیشەی خەیاتی یان بەرگدووری پیشەی هەرە باوە، ئەوان لە هەولێر و ناوچەکانی دی جلوبەرگی کوردی بۆ خەڵک دەدوورن و لە ئەنجامیشدا سیمایەکی کوردانەتر بە شەقامەکانی کوردستان دەبەخشن.

سەعدوڵڵا خەتێیی کە ئەویش هەر خەیاتە بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند لە نێوان هەر ١٠ پیاوێکدا لە گوندەکەیان، دوو یان سێیان خەیاتن یان پێشتر خەیات بوون، کە زۆربەیان ئەو پیشەیان لە باب و باپیریان بۆ ماوەتەوە.


خەتێ سەر بە ناحیەی بالیسانی قەزای شەقڵاوەیە لە پارێزگای هەولێر، بەدووریی نزیکەي ٧٥ کیلۆمەتر کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی پارێزگاوە. خەڵکی ئەو گوندە جگە لە خەیاتی، بە مەلایەتی و چاندنی توتنیش بەناوبانگن.

خەیاتەکانی خەتێ، هەموو جۆرە شەرواڵ و قاتێکی کوردیی وەک مرادخانی، ڕانکوچۆغەڵ، کراسی و مەرەز (کر) دەدوورن. ئەوان لەگەڵ هاوپیشەکانیان، لەو سەردەمەی خەڵک زیاتر ڕووی لە جلوبەرگی ڕۆژئاوایی کردووە، بەردەوام سیمای کوردانە بەشەقام و شارەکان دەبەخشن.

سەعدوڵڵا خەتێیی ئاماژەی بەوەش کرد، کە ناوبانگی چەند خەیاتێکی خەڵکی گوندەکەیان لە هەولێر دەرچووە و گەیشتووەتە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، لەوانەش عەبدولڕەحمان برایم، نوورەدین برایم، مام عەلی خەیات، حاجی جەمیل و مەلا حوسێن خەتێیی کە ئێستا وازی لە پیشەکەی هێناوە و خەریکی بازرگانیی قوماشە.



سەعدوڵڵا خەتێی لەکاتی کارکردندا



دیمەنێکی گوندی خەتێ

# 90%ی دانیشتوانی قەزایەکی هەولێر بژێوییان لەسەر ماسییە

**شلێر سەعید**

لە قەزای تەقتەق ١٣٠٠ حەوزی بەخێوکردنی ماسی هەیە، کە بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی دابینکردنی ماسی بۆ هەرێمی کوردستان، هەروەها هەناردەی چەند شارێکی عێراقیشی دەکەن، بەم هۆیەوە نزیکەی ٩٠٪ی دانیشتوانی سنوورەکە بژێوییان لەسەر بەرهەمی ماسییە

شەقامەکانی تەقتەق پڕن لە شوێنی ماسی برژاندن و بەحەوزی بچووکی ماسییەوە دەورە دراون، بۆنی ماسیبرژاندن ناو بازاڕی پڕ کردووە، خەڵک لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانیشەوە دەچن بۆ خواردنی ماسیی تەقتەق

ئەو ناوچەیەی هەولێر بەهۆی ئەوەی کەوتووەتە سەر زێی بچووک و کەشێکی لەباری هەیە بۆ بەخێوکردنی ماسی، زۆرینەی خەڵکی سنوورەکە خەریکی بەخێوکردنی ماسین و ساڵانە بەرهەمێکی زۆر ڕەوانەی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراقیش دەکەن.

ئارام سمایل گەنجێکی تەمەن ٣٥ ساڵە و لە گوندی موخەرەس سەر بەقەزای تەقتەق قسە بۆ (گڵکەند) دەکات و دەڵێ ماسیی سنوورەکەی ئەوان پاکژترە، چونکە دەکەوێتە سەر زێی بچووک و ئاوەکەی خاوێنە، بۆیە تام و بۆنیشی خۆشترە لە ماسیی ئەو حەوزانەی نزیکی زێ و ڕووبارەکان نین.

ئارام دەشڵێ گوندەکەیان نزیکەی ١٢٠ ماڵە، لەو ژمارەیە ١١٥ ماڵ ماسی بەخێو دەکەن، ئیدی خەڵکی سنوورەکە کار و پیشەیان ماسی بەخێوکردنە و بەردەوامیش حەوزی ماسی لە زیادبووندایە.

ئاماژەش بەوە دەدات کە گرفتی سەرەکیی ئەوان نەخۆشیی ماسییە کە بەم هۆیەوە هەندێ جار ماسییەکان لەناودەچن و دەمرن، دەشڵێ دەرمان و خۆراکی ماسی گرانە، لەم بارەوە زۆر جار ڕووبەڕووی زەحمەتی دەبنەوە.

لای خۆیەوە دڵشاد عەلی محەمەد لێپرسراوی هۆبەی سامانی ئاژەڵ و ماسی لە بەشی کشتوکاڵی قەزای تەقتەق باس لەوە دەکات کە سنووری تەقتەق و گوندەکانی دەوروبەری بووەتە گەورەترین ناوەندی بەخێوکردن و بەرهەمهێنانی ماسی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیش.

دەشڵێ بەپێی دوایین ئاماری ٢٠٢٤، لە ماوەی شەش مانگ بەدواداچووندا، بۆیان دەرکەوتووە نزیکەی ١٣٠٠ حەوزی ماسی هەن، هەریەکە بەڕووبەری جیاواز، کە بچووکترین حەوز زیاتر لە دۆنمێک زەوییە و هەر دۆنمێکیش ساڵانە دوو تۆن و نیو بۆ سێ تۆن بەرهەمی گۆشتی ماسی دەدات.

دڵشاد عەلی ئاماژەی بەوەش دا کە لەمێژە خەڵکی سنوورەکە ماسی بەرهەم دەهێنن بەوەش بووەتە ناوەندێکی بەرهەمهێنانی ماسی لە هەرێمی کوردستان و نزیکەی ٣٠٪ی پێداویستیی ناوەخۆ پڕ دەکاتەوە و بژێویی خەڵکی ناوچەکەش دابین دەکات، جگە لەوەش هەلی کاری زۆری ڕەخساندووە، چ وەک بەخێوکەری ماسی یان ماسی گواستنەوە، فرۆشتن و دوکانی برژاندنی ماسی.

ئەوەشی نەشاردەوە کە کۆمەڵێک گرفت لە بەردەم خاوەن پرۆژەکانی ماسی هەن، وەک گرانی ئالیک و پێداویستییەکانی حەوز و نەخۆشییەکانی ماسی بەتایبەتی نەخۆشیی کەڕوو کە ساڵانە لە وەرزی بەهار تووشی حەوزەکانیان دەبێت و تا ئێستا وەکو پێویست چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە.

ئەو بەرپرسەی حکوومەت باس لەوەش دەکات کە بەهۆی ئەوەی ماسیی تەقتەق تا شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەڕوات، خواستی زۆری لەسەرە و تا بەسڕاش ڕۆیشتووە، بەڵام هەندێک جار ڕێگرییان بۆ دروست دەبێ لە کاتی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان لە بازگەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، جا یان ڕێگرییان لێ دەکەن یان داوای بەرتیل و پارەیان لێ دەکەن.

دڵشاد عەلی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا ٥٠ تا ٦٠ تۆن ماسی لە سنوورەکە بەرهەم دێت.

شەماڵ عەبدولڕەزاق گەنجێکی دیکەی سنوورەکەیە و نۆ ساڵە شوێنی ماسی برژاندنی هەیە لە گوندی سەرکەڵەکی تەقتەق و پێی وایە ماسیی تەقتەق لە حەوزەکانی سەر زێی بچووک بەخێو دەکرێن، بۆیە تامیان لە ماسیی ناوچەکانی دیکە خۆشترە.

ئاماژە بەوەش دەدات کە جگە لە خەڵکی تەقتەق، خەڵکی تریش لە کۆیە سەردانی دەکەن و زۆربەی کڕیارەکانی گەشتیارانن، کە لە شارەکانەوە دێن، بەتایبەت لە هەولێرەوە دێن بۆ ماسی خواردن.



وێنەکان: شلێر سەعید



وێنە: زیرەکی دەستکرد

# ”80%ی کڕیارەکانی کتێب کچانن“

**هەژار مەجید**

فاتیمە و شەیما هاوپۆلی یەکترن لە دواقۆناغی بایەلۆجیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین، لەنێو ڕەفەکانی کتێبخانەیەکی هەولێر بەدوای کتێبدا دەگەڕێن، بەچرپە مشتومڕ لەبارەی ناونیشانی چەند کتێبێک دەکەن.

فاتیمە ئەبوبەکر لە وەڵامی پرسیارێکی (گڵکەند) دا دەڵێ لە منداڵییەوە کتێب دەخوێنێتەوە. بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار دەستی پێ کردووە. دواتر لە قۆناغەکانی تەمەنیدا وردە وردە دەستی دایە کتێبی جدیتر و تا ئێستاش ڕۆمان بەدەوترین جۆرەکانی کتێبە لەلای، جار جارەش کتێبی دەروونزانی و ئایینیش دەخوێنێتەوە.

شەیما ئیسماعیلی هاوڕێشی چەند ساڵێکە دەستی داوەتە خوێندنەوەی کتێب و دەڵێ فاتیمەی هاوڕێی هاندەری سەرەکی بووە، بەم هۆیەوە ئێستا ڕۆژانە لە ١٠٠ پەڕ کەمتر ناخوێنێتەوە، دەڵێ لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا نزیکەی ٢٠٠ کتێبی خوێندووەتەوە.

ئەو دوو کیژە ناونیشانی کتێبی دڵخوازی خۆیان لە ڕێگەی هاوڕێیەکانیان و لە فەیسبووک دەدۆزنەوە. هەروەها لە ڕێگەی چەند ئەپڵیکەیشنێکیشەوە زانیاریی زۆر لەسەر کتێبە باشەکان وەردەگرن، لەوانەش گوودڕیدز، زەستۆری گراف، بووکڵی و لای بیب.

ئەو دوو کیژە پێیان وایە کە سەرباری کرانەوەی جیهان بە ڕووی تەکنەلۆجیا و بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن گەنجانەوە، کتێب بەهای خۆی لەدەست نەداوە و هێشتا خواستی لەسەرە.

هەروەها یارا سەنگەر کچە قوتابییەکی قۆناغی ئامادەییە و لە بنەماڵەیەکی کتێبدۆستە و باوکی نووسەرە، دەڵێ سوودی لە کتێبخانەکەی ماڵێ وەرگرتووە و لەوێوە دەستی داوەتە خوێندنەوەی کتێب، دەشڵێ "یەکەم جار بابم چیرۆکی مندارانی لۆ دەکڕیم، هانی دەدام کتێبی زیاتر بخینمەوە، ئێستاش زۆر حەزم لە ڕۆمانە، وەختەکانی خۆم ئەوها دابەش کردیە کە بەشی خیندن و خیندنەوەش بکات".

ڕاڤە وریای تەمەن نۆزدە ساڵ، قوتابیی قۆناغی یەکی کۆلێژی یاسایە لە زانکۆیەکی هەولێر و لەوەتەی قۆناغی ناوەندییەوە کتێب دەخوێنێتەوە و ئێستاش جگە لە کتێبە یاساییەکان، ڕۆمان و چیرۆکی زۆر دەخوێنێتەوە. بەتایبەتیش ئەوانەی لە زمانە بیانییەکانەوە وەرگێڕدراینە سەر کوردی.

ئاشتی شێرکۆ خاوەنی کتێبخانەیەکی ناو بازاڕی هەولێرە، پێی وایە ٨٠٪ی ئەو کەسانەی سەردانی کتێبخانەکەی دەکەن کچان و ئافرەتانن. دەشڵێ ماوەیەکە گەنجان زیاتر ڕوو لە خوێندنەوەی کتێب دەکەن، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بێزار بووبن، جگە لەوەش چاولێکەری لەنێو گەنجان هۆکارێکی ترە، سەرباری ئەوانەش پاڵپشتی و هاندانی دایکان و باوکان بۆ خوێندنەوە.

ئاشتی لەبارەی خواستی گەنجان لەسەر جۆری کتێبەکان دەڵێ، ڕۆمانە تراژیدییەکان و کتێبەکانی گەشەپێدان و ئایینی لە پڕفرۆشترین ئەو کتێبانەن کە خواستێکی زۆریان لەسەرە.

# قیتارەکەی هەولێر

## نیوەڕۆیەک ڕۆیشت و نەگەڕایەوە

**ئاراس ئەکرەم**

لە بەهاراندا ڕیزە دار تووەکەی بەردەم (مەحەتەی قیتار)ی هەولێر، جێی خڕبوونەوەی منداڵانی گەڕەک بوو، بەسەر دارەکاندا هەڵدەگەڕان، بەدەم لێکردنەوە و خواردنی تووەوە، بەدەست و دەمی سوورهەڵگەڕاوەوە لە دیمەنی سیحراویی هاتنی قیتارەکەیان دەڕوانی، کە بەر لە دەرکەوتنی لمووزە درێژەکەی لە قۆرتاییەکی تەنیشت یاریگەی فرەنسۆ هەریریی ئێستاکە، دووکەڵە ڕەشەکەی بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوە، ئینجا فیتە بەرزەکەی لێ دەدا.

ئەو فیتەیە بۆ ئاگادارکردنەوەی شار بوو لە نزیکبوونەوەی قیتارەکە و دواتریش بۆ ئەوە بوو کرێکارەکانی ناو وێستگەکە دەست بەئامادەباشی بکەن بۆ وەستانی قیتارەکە.

شەمەندەفەرە سەوزەکەی هەولێر، لە ساڵانی بیستەکاندا لەلایەن دوو کۆمپانیای بەریتانی و هیندی دروست کرابوو. لە ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٤دا دەست بەدروستکردنی وێستگە و هێڵە ئاسنینەکەشی کرا، دواتر ساڵی ١٩٤٩ شەمەندەفەرەکە بۆ یەکەم جار گەیشتە هەولێر.

ئەم شەمەندەفەرە لە سێ بەشی سەرەکی پێک هاتبوو؛ بەشی پێشەوە، کە بریتی بوو لە قەمەرەیەکی بچووک، بۆ شۆفێر و یاریدەدەرەکەی، شۆفێرەکە لە شوێنی خۆی دادەنیشت شەمەندەفەرەکەی لێ دەخوڕی و یاریدەدەرەکەشی بەپێوە دەوەستا و چاودێریی بەردەم شەمەندەفەرەکەی دەکرد.

بەشی دووەمیش بریتی بوو لە دوو فارگۆن، لە دوو ژووری گەورە پێک دەهات، هەر ژوورەی (٦٠) کەسی دەگرت، ژووری یەکەم شوێنی سەرنشینە تایبەتەکان بوو، کورسییەکانی ئیسفەنج بوون و پانکەشی تێدا بوو، گەشتیاری ئاسایی لێی دادەنیشتن و نرخی پلیتی بۆ هەر کەسێک بۆ کەرکووک درهەمێک و پازدە فلس بوو، بۆ بەغداش دوو درهەم بوو. ژووری دووەم کورسییەکەی تەختە دارێکی ڕەق بوو، بەزۆری سەربازەکان لە کاتی گەڕانەوەیان لە سەربازی، لەوێ دادەنیشتن کە نرخەکەی هەرزانتر بوو.

هەرچی بەشی سێیەم و کۆتاییی شەمەندەفەرەکە بوو، چەند فارگۆنێکی دوورودرێژی لە شێوەی عارەبانە بوو، پڕ بوون لە کەلوپەل. زۆرجار کەلوپەلەکان داپۆشرا بوون، ئەو منداڵانەی بەسەر دار تووەکانەوە لێیان دەڕوانی، پێشتر لە گەورەکانیان بیستبوو کە زوو زوو چەک و کەرەستەی سەربازی لە ڕێگەی ئەو شەمەندەفەرەوە دەگوازرێنەوە.

شەمەندەفەرەکە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ لە ڕێگەی پردێوە بەرەو کەرکووک بەڕێ دەکەوت، لەوێش لە وێستگەیەک ڕادەوەستا و پاشان بەرەو بەغدا، ڕێگەکە هەشت کاتژمێری دەخایاند، بەهەمان شێوە ڕۆژی دواتر کاتژمێر ١٠ی بەیانی دەگەیشتەوە هەولێر.

وێستگەی ئەو شوێنەی کە شەمەندەفەری لێ دەوەستا دەکەوێتە پشت زانکۆی کوردستانی ئێستا و بەندینخانەی (مەحەتە)ی جاران. فەرمانگەیەک بوو ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر و کرێکاری هەبوو، بەشێکیان بەدرێژاییی هێڵە ئاسنینەکە چاودێرییان دەکرد و ڕێڕەوی شەمەندەفەریان چاک دەکرد، پێیان دەگوترا کرێکاری مقەسچی.

نەجات مەحموود یەکێک لە کرێکارەکانی وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر، کە ئێستا خانەنشینە، بۆ (گڵکەند)ی گێڕایەوە "ساری ٧٩ بە عەمەلە لە دایرەی عامەی سیکەت حەدید لە محەتەی هەولێرێ تەعین بووم، تەقریبەن ٢٠٠ کەس دەبووین لەوێندەرێ ئیشمان دەکرد، هەندەک مهەندیس و مۆزەف بوون، هەندەکیشمان عەمەلە بووین، قسمی کارەبا و چاککردنەوە و مەقەس و گومرگ و ئیدارەی لێ بوو".

مام نەجات باس لەوە دەکات کە لە سەردەمی ئەودا بەڕێوەبەری وێستگەکە ناوی ئەبو یوسف بووە و یەکێک لە شۆفێرەکانی شەمەندەفەرەکەش کەسێکی مەسیحی بووە بەناوی مەنسوور کە خەڵکی بەغدا بوو، بەڵام ماڵی هێنابووە ناو خانووەکانی ئەوسای (مەحەتە).

هەروەها دەڵێ کرێکارەکان ڕۆژانە سەرپەرشتی و چاودێریی ئەو شەمەندەفەرەیان دەکرد کە بەیانیان دەگەیشتە هەولێر، جگە لە سەرنشینەکان کە ڕێبوار بوون، کەلوپەلێکی زۆریشی دەهێنا کە لە کەرەستەی سەربازی و بەنزین و چیمەنتۆ و شمەکی دیکە پێک دەهات. هەر لەناو وێستگەدا بەنزینخانەیەک هەبوو، لەوێدا بەنزینەکەیان بەتاڵ دەکرد و کەلوپەلەکانیان دەهێنایە خوارەوە. بۆ نیوەڕۆ جارێکی دیکە هەندێ کەلوپەلی دیکە بار دەکران و شەمەندەفەرەکە لە ڕێگەی کەرکووکەوە بەرەو بەغدا بەڕێ دەکەوتەوە.

ئەو کرێکارە دێرینەی وێستگەی شەندەفەر باس لەوەش دەکات کە "قیتارەکە بە گاز و ئاو ئیشی دەکرد. وەکی دەگەیشتە محەتەی، چەند عەمەلەک گاز و ئاویان تێ دەکرد، هەتا لۆ سەفەری گەڕانەوە حازر بیت، ئەوجە عەمەلەک بە پەمۆ ئاگرەکی لە کن مەکینەکەی دەکردەوە کە دەکەتە لای پێشەوەی قیتارەکە، هەتا مەکینەکە بەئیش دەکەت".

مام نەجات باسی لەو گەڕەکەش کرد کە لە نزیک محەتەی جاران بۆ فەرمانبەران و کرێکارانی وێستگەی شەمەندەفەر دروست کرا، دەڵێ بەبێ جیاوازی هەریەک لە کرێکار و فەرمانبەرەکان خانوویەکی ٣٠٠ مەترییان بە بەرد بۆ دروست کرا، خانووەکان دیواری حەوشەیان نەبوو، بەڵکو بە داروبار و سەوزایی تانۆکیان بۆ دروست کرابوو، دواتر ئەو خانووانە بوون بە گەڕەکی مەحەتە کە نزیکەی ٢٠٠ خانوو دەبوون.

هەروەها لە بەرامبەر شوێنی نووسینگەی ئێستای کەناڵی کوردستان تیڤی سەکۆیەک هەبوو، هەموو بەیانییەک لەوێ کەلوپەلەکانی فارگۆنەکان دادەبەزێندران و بەهەمان شێوە دواتر لە هەمان شوێن کەلوپەلی دیکە لەناو بارهەڵگرەکانەوە دەگوازرانەوە ناو فارگۆنەکان بۆ ئەوەی ڕەوانەی کەرکووک و بەغدا و شارەکانی تر بکرێن

لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا نیوەڕۆیەک شەمەندەفەرەکە بەیەکجاری هەولێری جێ هێشت و نەگەڕایەوە. تەنیا فارگۆنەکان لە شوێنی وێستگەکە مابوون و بووبوون بە شوێنی یاریی منداڵان.



# تێکەڵەی بۆنی نانی گەرم و نەسیمی بەیانیانی گڵکەند



دیمەنێکی دیوی دەرەوەی کافێیەکە

**زیرەک تاریق**

لەگەڵ یەکەم تیشکی خۆری بەرەبەیان، بۆنی نانی تازە و چای گەرم تێکەڵ بەهەوای پاکی ناو کۆنترین پارکی شار دەبێت.

لە گۆشەیەکی پارکە دێرینەکەی هەولێردا کە گڵکەندە، کاربین و هاوکارەکانی ڕۆژانە خەریکی ئامادەکردنی بەرچایین بۆ ئەو میوانانەی دەیانەوێت نانێکی بەیانیی جیاواز لەنێو سروشت و ئەو ئادگارەی هەولێردا ئەزموون بکەن کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی ٣٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە.

کاربین کەرخی (٢٧ ساڵ)، کچە هەولێرییەکی دەرچووی بەشی شیکاریی نەخۆشییەکانە و ئێستا قوتابیی ماستەرە، باسی بیرۆکەی دروستکردنی کافێی کارلین بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێ کاتێک قوتابیی کۆلێژ بووە، لەگەڵ هاوڕێیەکانی بۆ ئەوەی چەند کاتژمێرێک بەیەکەوە بخوێنن سەردانی کافێیەکانیان دەکرد، بەڵام بەهۆی داخراوی شوێنەکان و زۆریی دووکەڵی نێرگەلە و جگەرە لەو شوێنانە، هەر زوو هەستیان بە بێزاری کردووە.

کاربین دەڵێ "بیرم کردەوە بۆچی کافێیەک نییە لەناو سروشت بێت و هەوایەکی پاکی هەبێت". بۆیە لەو کاتەوە بڕیار دەدات لە دوای تەواوبوونی خوێندنەکەی، خۆی ئەم بیرۆکەیە بکاتە ڕاستی.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پارکی گڵکەندیش بۆ شوێنی کافێیەکە، باس لەوە دەکات کە خۆی دەرچووی بەشێکی پزیشکیە و بەلایەوە گرینگ بوو کافێیەکە لەنێو پارک و سروشت بێت، هەروەها مێژووی پارکی گڵکەند وەک یەکەم پارک لە هەولێر گرینگییەکی زۆری بەلای ئەوەوە هەبوو.

ئەو کیژە خاوەنکارە بەدەم خواردنەوەی چایەکەی بەردەمی، باسی منداڵیی خۆی دەکات کە لەگەڵ خێزانەکەیدا سەردانی پارکی گڵکەندیان کردووە و دەڵێ "ئەوانەی دێنە ئێرە، نۆستالژیا و یادەوەریی زۆریان لەگەڵ شوێنەکەدا هەیە".

کاربین پێی وایە زۆربەی کیژان لە دروستکردنی شیرینیدا دەستڕەنگینن، خۆیشی بە یەکێک لەوانە دەزانێ، بە بزەیەکیشەوە دەڵێ لە سەرەتای پرۆژەکەیدا دڵەڕاوکێیەکی زۆری هەبووە، چونکە خەڵکیش پێیان سەیر بوو کیژێک لە شوێنێکی گشتیدا کافێ بکاتەوە. بەڵام ئێستا زۆربەیان بوونەتە دۆست و خێزانی دووەمی

هەروەها باسی پیاوێکی بەتەمەن دەکات کە ڕۆژانە ئەگەر بۆ سڵاوێکیش بێت، سەردانی کافێیەکەی دەکا و دڵخۆشە بەوەی کچێک توانیویەتی ببێتە خاوەنکار. کابرا ناوی حاجی کەریمە و هەموو جارێ ڕاشکاوانە بە کاربین دەڵێ ئەگەر خاوەنی کافێیەکە کوڕ بوایە، هێندە سەردانی نەدەکرد.

نهێنیی سەرکەوتنی کافێی کارلین لە سادەیی و خۆماڵیبوونی دایە. نانی گەرم، هێلکەی کوڵاو لەگەڵ پەنیری کوردی، هەنگوین، لۆبیا، شیرینیی تازە، چای بەتام و قاوەی تورکی کە بەشێوازی نەریتی ئامادە دەکرێت.

کافێی کارلین لە وەرزی زستاندا ڕۆژانە لە ٨ی بەیانیەوە تا ٦ی ئێوارە کراوەیە، لە هاوینیشدا تا ١١ی شەو. جگە لە نانی بەیانی، عەسروونییەش پێشکێش دەکەن کە لە چەرەزات و شیرینی و چای و قاوە پێک دێت.

"من پێم وایە هەر کەسێک دەتوانێ خەونەکانی بکاتە ڕاستی، تەنیا دەبێت متمانەی بەخۆی هەبێت»، کاربین وا دەڵێ، بەدەم سەیرکردنی ئەو کەسانەشەوە کە لە کافێیەکەی دانیشتوون، دەڵێ کاتێک دەبینێ خەڵک لێرە کۆ دەبنەوە و پێ دەکەنن، هەست دەکات شتێکی باشی کردووە.

لە کافێی کارلین، جگە لە کاربینی خاوەنی کافێیەکە، چوار کوڕی تر کار دەکەن. دڵخۆشە شوێنەکەی بۆتە سەرچاوەی بژێویی چەند گەنجێک، بیریش لەوە داتەوە کافێیەکەی گەورە بکات.

ئەو کافێیەی کاربین ئێستا بووەتە نموونەیەک بۆ کچانی دیکە، بە دەوری کافێیەکە لەنێو پارکەکەدا ژمارەیەک مێز و کورسی دانراون، چوار کچ دانیشتوون کە هاوڕێی یەکترن، بۆ پشوودان و بەسەربردنی کاتێکی خۆش هاتوون، کاربین دەڵێ ئامادەیە یارمەتیی هەر کەسێک بدات کە پرۆژەی خۆی دەست پێ بکات. پێی وایە ئافرەتان دەبێ پشتی یەکتر بگرین.

لەگەڵ نزیکبوونەوە لە نیوەی ڕۆژەکە، خۆر بەرزتر دەبێتەوە و سێبەری دارەکان کورتتر دەبنەوە. کاربین و هاوکارەکانی خەریکی کۆکردنەوەی پەرداخە بەتاڵەکانن. خەونی داهاتووی گەورەترە، دەیەوێت کافێیەکە فراوانتر بکات و چەند کەسێکی تریش دابمەزرێنێت. بەڵام وەک خۆی دەڵێت «گرینگ ئەوە نییە کافێیەکە چەند گەورەیە، گرینگ ئەوەیە چەندە خۆشەویستی و خۆشی بڵاو دەکاتەوە».

مێژووی دروستکردنی پارکی گڵکەند، بۆ زیاتر لە ٧٥ ساڵ دەگەڕێتەوە، لە ساڵی ١٩٦٥ بەردی بناغەی دانرا و ڕێوڕەسمی کردنەوەی پارکەکەش لە ساڵی ١٩٦٨ بووە. یەکێکە لەو شوێنە دێرینانەی هەولێر کە یادەوەریی زۆری لە هزری خەڵکەکەیدا هەیە، بۆ ماوەیەکی درێژ یەکەمین و تاکە باخچەی هەولێر بووە و پێشتریش بەر لە سێ سەدە کانگای پیشەسازیی شارەکە بووە و لەوێندەر گڵ بۆ دروستکردنی ئەو خشتانە دەرهێندراون کە گەڕەکەکانی هەولێریان پێ دروست کراوە.



وێنە: زیرەکی دەستکرد

# شوێنەواری کۆشکی مەلا فەندی لە گوندی باداوە ئاشکرا دەبێت

**محەمەد لەشکری**

کۆشکی باداوە یان کۆشکی مەلافەندی لە گوندی باداوەی جاران، لە سەرەتای سەدەی بیستەم دروست کراوە، ئەم کۆشکە پێگەیەکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی شاری هەولێر و دەوروبەری بووە، بە دەیان سەرکردەی سیاسی لە کورد و بیانی سەردانیان کردووە، هەندێک جار بووەتە پەناگەیەکی باش بۆ حەسانەوە، هەندێک جاریش بۆ خۆشاردنەوە لە بارێکی سیاسیی ناوچەکە و جاری واش هەبووە جێگەی شیکردنەوە چارەسەری کێشەکان و بڕیاردانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە.

ئەم کۆشکە دەکەوێتە گوندی باداوەی کۆن، کە ئێستا گەڕەکی باداوەیە، چیرۆک و گوزەشتەی زۆر لەبارەی پێکهاتەکەیەوە باس دەکرێ. لەم وێنانەی لەم بابەتەدا بڵاو دەکرێنەوە، شوێنی کۆشکەکە و وێنەیەکی کۆنی کۆشکەکە بە پشتبەستن بەسەنتەری زانیاریی جوگرافی و لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و وێنەی ئاسمانی دەستنیشان کراوە.

بەپێی لێکۆڵینەوە زارەکی و مێژووییەکانیش کۆشکەکە لەنێو حەوشەیەکی دیوار شێوە چوارگۆشەیی بووە، دەوروپشتی باخچە و ڕەز بووە، ڕووی کۆشکەکە لە گومەتەکەی باداوان (مەزاری مەلافەندی)یە و کە دەکەوێتە ڕاست قەڵاتێ، گومەتەکەی باداوان ئێستا لەسەر هەردوو شەقامی ١٠٠م لە ڕۆژهەڵات و ٤٠م لە ڕۆژئاوا و گەڕەکی باداوەیە.

وێنەی سەرەکیی بابەتەکە هی ئاسمانیی باداوە و لەلایەن سەتەلایتی (کۆڕۆنا)وە گیراوە، کە سەتەلایتی سیخوڕی ئەمریکی بووە و لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بەسەر ناوچەکەدا گەڕاوە.

بەهۆی ئەم وێنانە شوێنی گومەتەکەی باداوان و شوێنی کۆشکەکە دیاری کراوە.

بەپێی لێکدانی وێنە کۆن و نوێیەکان، ئێستا شوێنەواری کۆشکی مەلا فەندی دەکەوێتە ناوەڕاستی شەقامی ١٠٠م، دووریشی لە گومەتەکەی باداوە (٢٠٠) مەترە و ڕووبەری حەوشەی کۆشکەکەش بەپێی وێنەی سەتەلایتەکە (٨٣،٥٦٣)م چوارگۆشەیە، ڕووبەری کۆشکەکەش (٤٦٥٠)م چوارگۆشە دەبێت.



گومەتی باداوە و گوندی باداوە لە ساڵی ١٩٦٨ وێنەی سەتەلایتی کۆڕۆنا


تێکەڵی وێنەی سەتەلایتی ئێستا و وێنەی سەتەلایتی کۆڕۆنا ١٩٦٨


نەخشەی ئێستای شوێنی کۆشکەکەی باداوان

## خۆپێشاندانەکەی 1982

# قوتابییە نارازییەکان لەناو ماڵەکانی پشت هۆڵی ڕۆشنبیریی داڵدە دران

**د. سنوور سەباح**

ڕۆژی پێنجی مایسی ١٩٨٢ بوو، کۆڕێک لەبارەی مێژوو لەلایەن د. جەمال ڕەشیدەوە لەسەر داواکاریی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، لە هۆڵی ڕۆشنبیریی ئێستا لەلایەن د. کوردستان موکریانییەوە بەڕێوە بردرا. نزیکەی ١٥٠ کەس لە هۆڵەکە ئامادە بوون، ژمارەیەکی زۆریان قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین بوون.

ئەم کۆڕە هاوکات بوو لەگەڵ خۆپێشاندانی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین و مانگرتنیان و نەچوونە ناو پۆلەکان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆپێشاندانی قوتابیان لە پەرەسەندندا بوو، لەلایەن ڕژێمی بەعسیشەوە بەوپەڕی توندوتیژی و هێزەوە بەرپەرچی قوتابیان دەدرایەوە، لەلایەکی تریشەوە شەڕی نێوان عێراق و ئێران و جەیشی شەعبی و پاڵەپەستۆی بەعس و نەمانی ئازادیی ڕادەربڕین، هۆکار بوون بۆ ئەوەی ئەدیب و نووسەر و قوتابیان ئەو کۆڕە بەدەرفەت بزانن و هەستی نیشتمانپەروەرییان بخروشێت، بۆیە دۆخی هەولێر ئارام نەبوو، لە دەرەوە؛ هۆڵەکە بە پیاوانی ئەمن و زیل و زرێپۆشی عەسکەری تەندرابوو، لە هەمان کاتدا ناو بازاڕ و شوێنەکانی نزیک هۆڵەکەش بەهەمان شێوە تەندرابوون بەپیاوانی ئەمن و سەرباز، لە چەندین خاڵدا زرێپۆش و زیلی سەربازی دەبینرا.

لە دوای پێشکێشکردنی لێکۆڵینەوەکە پرسیارێکی زۆر کرا و د. جەمال ڕەشید وەڵامی دانەوە، هەر کە کۆڕەکە تەواو بوو قوتابیان بەهۆی جۆش و خرۆشی کوردایەتییان دەستیان کرد بەگوتنەوەی سرووودی ئەی ڕەقیب و لە دەرەوەی هۆڵەکە لەگەڵ ئەمن و پیاوانی ڕژێم ڕووبەڕوو بوونەوە، لەلایەن ئەمنەوە تەقە بۆ ئاسمان کرا و قوتابیانیش بە بەرد هاوێشتن وەڵامیان دانەوە، دواتر لەناو کۆڵانەکان پیاوانی ئەمن بە دوایان کەوتن بەمەبەستی دەستگیرکردنیان.

ماڵەکانی پشت هۆڵی ڕۆشنبیری واتە سەر شەقامی کەرکووک، زۆر جوامێرانە دەرگای ماڵەکانیان کردەوە و داوایان لە قوتابیان کرد خۆیان لە ماڵەکانیان حەشار بدەن تا نەکەونە دەست ئەمن و پیاوانی ڕژێم. قوتابیان لەو ماڵانەدا مانەوە کە حەشاریان دابوون تا شەو داهات و تاریکی باڵی کێشا، ئەوجار بە ئاسپایی و هێمنی لە ماڵەکان هاتنە دەرەوە و بەرەو ماڵەکانی خۆیان هەنگاویان نا، بەم شێوەیە ڕزگار بوون و نەکەوتنە دەست پیاوانی ڕژێم.



وێنەکە لە ئەرشیفی میران خانەقا وەرگیراوە

# وێنە و یاد

وێنەیەکی مەلا مستەفا بارزانی دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ گیراوە، کە دەکاتە سێ مانگ دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨.

وێنەکە لە هۆتێل رێستهاوس لە نزیک وێستگەی شەمەندەفەری ئەوسای هەولێر گیراوە. لە لای ڕاستی وێنەکە دکتۆر پۆڵس جۆرج خاوەنی دەرمانخانەی (شیمال) دەردەکەوێ، لە ناوەڕاستیشەوە مامۆستا عیزەدین فەیزی سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردە لە هەولێر، لەلای چەپیشەوە پارێزەر مەعروف رەئوف کە ئەوکات ئەندامی شارەوانی هەولێر بووە.

**مامۆستا سۆران عیزەدین فەیزی زانیارییەکانی ساخ کردووەتەوە.**

# بەراوردێك لە نێوان منداڵانی بەخدا و منداڵانی کوردستاندا

**حوزنی موکریانی (بەخدا 1944)**

لەم چەندانە تەنگەدا ئەو هەموو خەم و ئازارانە یەک لەدوای یەک هەڵمەتیان دێنایەسەر و زەبوون و سەرسامیان کردبووم و لە بەخدادا هەر بزووتنەوە و بیرەوەرییەکم هەر ژان و برک و دڵ ئێشان بوو، چاوم بە کۆشکە بەرزەکان دەکەوت و جادە و باخچەکانم دەدین لەسەر خەمم دەبوونە بار و سوێم دەبۆوە، کە بیرەوەریم لە خاکە بێکەسە وێرانەکەم دەکرد و ئەم ئاوەدانییەم دەدی نیوە عەمر دەبووم و لەم حاڵەشدا یەک دوای یەک خەبەرم وەردەگرت، کە عەبدولرەحمانی برام لە ئازاردایە

بەتایبەتی، کە ئێواران چاوم بەدەستە ئوتومبیل دەکەوت منداڵە بچووکەکانی لە باخچەی منداڵان (روضة الأطفال) دەگەڕانەوە، هەریەک لەبەر دەرگای خۆیانی دادەبەزاند و سبەینە سەر لە گەزەنگکەوتن، دەستە بە دەستە ئوتومبیلی جوان و ڕەنگین لەپێش دەرگاکان ڕاوەستاون و منداڵە بچووکەکان سواردەکەن بۆ باخچە و لای لەلە و مامانیان دەبەن.


جەرگم قرچەی دەکرد و بۆکرووزم لە هەناوەوە دەهات. منداڵە پێخواسە ڕووتە بێجلکوبەرگ و ملکەچەکانی وڵاتم دەکەوتە پێشچاو، کە سەر لە بەیانی لەبن دیوارەکانی خانووەکانی خۆیاندا هەڵترووشکاون چاوەنۆری ڕووی ڕەحمەت و میهرەبانی هەتاو دەکەن و هێندێکیشیان بابۆڵە نانێکی وشکی بەدەستەوە گرتووە، بەلێوەلەرزێ دەکرووزێنەوە و برای منیش لەژێر موراقەبە و توهمەتی شورتەی هەولێردا لە عەزابدایە.

بەتایبەتی ئەوە هەناوی بڕیبووم، کە سبەینە زوو کچ و کوڕە ڕووخۆشە جوانەکانی بەخدام دەدین پۆلپۆل بە بەرگی ڕەنگاوڕەنگی قەشەنگەوە بەلەنجە و لار و بە پێکەنین و شادمانییەوە ڕوو بە مەکتەب و مەدرەسەکان لە جۆلانەدابوون، داخ و برینی دەکولاندمەوە، کە کوڕ و کچە هەژارەکانی کوردستانم وەبیردەکەوتنەوە بەڕووتی و پێخواسی هەر یەک کتێبە شڕێکی لە بن هەنگڵدا بەڕووێکی گرژ و چاوێکی خەماوی و لێوێکی بەبارەوە دەچوونە مەکتەب، پێی ڕۆیشتن بەستراو، دڵی چوونیان شکاو لەترسی ئەو مامۆستایانەی، کە زمانیان نازانن و لە ترسی ئەو دەرسانەی، کە لە خوێندن ناگەن، لە هەراسا کەموکورت بۆی دەجووڵانەوە و لە ماڵەوە بەنیگەران و خەمی نەبوونییەوە دەرکەوتووە. لەنێو چاویاندا ئاشکرا و دیاربوو، نائومێدی لەپێی خستبوون.

**کوردستان موکریانی ئامادەیکردووە و هێناویەتە سەر ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی**



## مێژووی هونەر لە هەولێر



ئوسامە جەمیل

# مەنەلۆج

هونەرەکی دیکە هەیە بەناوی مەنەلۆج، کە وشەکی لاتینییە (monolog)، مۆنۆ بە واتای تاک، تاکە کەس، لۆگیش واتە گفتوگۆ، واتە کەسێک بەتەنێ بە شێوەی تەنز گۆرانی دەرێ و ڕەخنەی دەگری، کە شێوازەکی گۆرانی گۆتنی تەنزئامێزە و باسی کێشە و دیاردە و دەردە کۆمەڵایەتییەکان دەکا و زەقی دەکاتەوە و چارەسەریشی لۆ دادەنێ.

ئەو شێوازە هونەرییە یەکەم جار لە شاری هەولێرێ لە سەرەتای حەفتاکان لەسەر دەستی هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمانی سەریهەردا، ئەو یەکەم کەس بووە لە کوردستانێ دەستی بە مەنەلۆجی کردیە و هەتا سەرەتای هەشتایەکان بەردەوام بووە، سابیر ماوەکی ژیانی لە دەشتی هەولێرێ بردتە سەری و لە خۆشی و ناخۆشییەکانی خەرکی ئاگادار بووە، لۆیێ هەرچی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی بووە، لە شێوەی مەنەلۆج گۆتیتی و چارەسەری لۆ دانایە، هەر لە هەوێداری هەتا شوفێری و گرانجانی دوکاندار و کەمی مووچە و نەخیندنی قوتابییان، لە ماوەی ئەو دە دوازدە سارەی ئیشی کردیە (١٠)مەنەلۆجی تۆمار کردیە، ئەوانیش بە ناوەکانی (کاکی شوفێر، دەردی کۆمەڵ، بازاڕی فرتوفێڵ، هەوێداری، داخوازی، ئەی قوتابی، بابە مەمدەن بەو پیرە، ئامانە وەی ئامانە و بووک و خەسوو).

پاشان ئەو بەرهەمانەی لە تەلەفزیۆنی کەرکوکێ تۆمار کردیە و دەنگدانەوەکی زۆری هەبوو، تۆمارکردنەکە جۆرەک لە تەمسیلیشی لەگەر بووە، هەتا خەرکی بەجوانی لە مەنەلۆجەکان تێبگەن، شیعری ئەو مەنەلۆجانە ئی عەزیزی مەلای ڕەش، شێخ عەبدووڵڵا شێخ عەبدولکەریم ئۆمەراوەیی و خۆی بوون، ئاوازەکانیش ئی ڕزگار خۆشناو، محەمەد قەدری و بەهائەددین هەولێری بوون.

کاتی خۆی ئەو بەرهەمانە بە ڕەش و سپی لە تەلەفزیۆنی تۆمار کرابوون، سابیر لە پاش ڕاپەڕینی١٩٩١ هەندەک لەو بەرهەمانەی دووبارە لۆ تەلەفزیۆنەکانی کوردستانێ بەڕەنگاوڕەنگی تۆمار کردەوە و پەخشیش کران، لە پاش سابیر عەبدولڕەحمانی چەند کەسەکی دی ویستیان مەنەلۆجی برێن، بەران هیچیان نەگەیشتنە ئاستی وی و نەیانتانی وەکی وی جوان بیرێن و پەنجە لەسەر دەردە کۆمەڵایەتییەکان دابنێن و چارەسەریان لۆ بدۆزنەوە.



وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

### بەر لە 81 ساڵ

# کارەبای قەڵات و خانەقا و تەعجیل بۆ ماوەی 10 ڕۆژ بڕا

نازم دڵبەند

بەر لە (٨١) ساڵ، بە ئیمزای سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، لیژنەی ئاو و کارەبا بەپێی نووسراوی ژمارە (٦٠٩) لە ١٧/١٠/١٩٤٤ ئامادەباشی کردووە بۆ نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی ماکینەی کارەبا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێکەوتی شەوی ٢٥/١٠/١٩٤٤ بەم شێوەی خوارەوە لەو گەڕەکانەی، کە ناویان هاتووە کارەبا دەکوژێتەوە:

١- لە گەڕەکەکانی قەڵات و عارەبان و هەموو شەقامەکان لەو ڕێکەوتەی سەرەوەڕا بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ کارەبا دەکوژێتەوە، دوای ئەو ماوە دیاریکراوە بۆ نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوە، دووبارە کارەبا بۆ ئەم شوێنانە دەگەڕێتەوە.

٢- دوای تەواوکردنی کارەکانی ئەو گەڕەکانەی لە سەرەوە ناویان هاتووە، بۆ هەمان مەبەست ئەمجارە کارەکان لە گەڕەکەکانی (مستەوفی و تەعجیل و خانەقا) و هەموو شەقامەکان بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ کارەبایان نابێ، لە بەرامبەر ئەم کارە، هەموو ئامادەباشییەکی پێویست وەرگیراوە، ئەم نووسراوەش بۆ هەموو لایەک نێردراوە، تا لە نزیکەوە هەموو لایەک ئاگادار بن.

ئەو نووسراوە خوێنەر دەگەڕێنێتەوە ڕۆژگارێک کە لەلایەکەوە بەر لە (٨١) ساڵ لە هەولێرێ کارەبا هەبووە و تەنها بۆ نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوە کوژاوەتەوە، دووەمیان دڵسۆزیی فەرمانگەی سەرۆکایەتیی شارەوانی بووە، کە چەند بە پرەنسیپ مامەڵەی لەگەڵ داوا و مافی هاووڵاتییان کردووە و هەمیشە بەدوای ئەوەوە بووینە کە خەڵکی هەولێر لە ئارامی و بەڕێکردنی ژیانێکی شایستەدا بن. لە هەمووشی گرینگتر پاراستنی ئەو دیکۆمێنتانەیە لەلایەن مامۆستا محەمەد مەولوودەوە، کە ئەو کەسایەتیە جگە لەوەی چیرۆکنووسێکی لێهاتوو بووە، لە هەمان کاتدا پارێزەرێکی دیاری مێژووی ئەم شارەش بووە.



وێنە: زیرەکی دەستکرد

# ڕووداوەکەی 1953

## نووسراوی نهێنی هەڵوێستی قوتابیانی هەولێر لە دژی هەڵسوکەوتی خراپی مامۆستایان ئاشکرا دەکات


**د. سنوور سەباح**

لە نووسراوێکی نهێنیدا، کە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی لیوای هەولێر لە ڕۆژی ١٩٥٣/١١/١٤ ئاراستەی موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێری کردووە، ئاشکرای کردووە کە ٢٧ قوتابیی قوتابخانەی ناوەندیی هەولێر لێژنەیەکیان بەناوی (یەکێتیی قوتابیان، لقی هەولێر) پێک هێناوە.

ئەو قوتابیانە ڕۆژی ١٩٥٣/١١/٧ بڵاوکراوەی ژمارە (١)یان بەناوی (پەیامی لێژنەی یەکێتیی قوتابیانی هەولێر بۆ هەموو قوتابیان) دەرکردووە.

٢٠ قوتابی وەک لایەنگری لێژنەکە دەستنیشان کراون و حەفتیشیان سکرتێر و ئەندامی لێژنەکە بوون کە هەموویان پۆلی سێی ناوەندی بوون و بریتی بوون لە تەڵعەت نادر (سکرتێری لێژنە) و ئەندامێتیی ئیبراهیم، خالید محەمەد، ئەحمەد حەمەد ئەحمەد، جەوهەر، هاشم عەبدولڕەحمان و عادل حاجی ساڵح.

لایەنگرەکانیش پۆلی سێ تا پێنج بوون و بریتی بوون لە محەمەد محەمەدئەمین، عەولا، جەمال قادر کەشاف، ڕەقیب سەلیم، عیسا شێخ حەسەن، عەلی جەلال، کەمال عەبدولڕەزاق، جەبار حەسەن ڕەحمان، جەلال قادر، ماربین عۆدە، حوسام شاکر، یوسف پۆڵس، بویا عەتو، فاروق سەید حەسەن، عەدنان شێخ مستەفا، عەدنان، محەمەد کەریم، عەلی و عارف شاکر.





لە بڵاوکراوەکەیدا، لێژنەی یەکێتیی قوتابیان لقی هەولێر ڕای گەیاندووە، لێژنەکە بەشێکە لە لێژنەی ناوەندیی یەکێتیی قوتابیان لە بەغدا و بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافی قوتابیان دروست بووە، کە ئەو مافانە لەلایەن "حکوومەتی نووری سەعید و حکوومەتەکانی دواتر" پێشێل کراون.

لێژنەی یەکێتیی قوتابیان لقی هەولێر لە بڵاوکراوەی ژمارە (٢)دا، داوای لە قوتابیان کردووە پاڵپشتیی لێژنەکە بکەن لە دژی هەڵسوکەوتی خراپی پەروەردە و مامۆستایان، کە گەیشتووەتە ئاستی ئەوەی جنێوی وەک (سووک و گوو بخۆ) بە قوتابی بدرێت و لێیان بدرێ و ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی سزای قوتابیان بدات.

پۆلیسی لیوای هەولێر هەردوو بڵاوکراوەی ژمارە ١ و ٢ی لێژنەی یەکێتیی قوتابیان لقی هەولێری دەست کەوتووە و بە نووسراو بۆ موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێری ناردووە.



**عەبدولباسیت فەرهادی**

# ڕەئووف لە بیر مەکەن

ڕۆژانە دوای گەڕانەوەی لەسەر کارەکەی لە کارگەی جگەرەی هەولێر بە پاسە ڕیمە درێژەکەی کارگە لە بەردەم گۆڕستانی شێخ محەمەدی خوڕاسانی دادەبەزی و دەپەڕیەوە بۆ بەردەم ماڵی ئەحمەد تەبیب و شۆڕ دەبووەوە بۆ ماڵی خۆیان لە پشت باخچەی گڵکەند، هەر کەسێکی بینیبا چاک و چۆنی و سڵاوی گەرمی لێ دەکرد.

کاک ڕەئووف تاهیر زەنگەنە لەدایکبووی ١٩٤٨ و کۆچکردووی ٢٠١٢، کەسێکی باڵا مامناوەندی ڕەقەڵەی سمێڵ قەیتانی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر، هەردەم ڕۆژنامە یا کتێبێکی لەبن هەنگڵ بوو.

ئێواران بەناو گڵکەند یان بە بەردەمی بەرەو بازاڕ و بەگەڕەکی سەعدوناوە ئینجا بۆ لای کۆتری سەلام و لەوێ بۆ گازینۆی لەیالی پشت قەڵاتێ، هێواش هەنگاوی دەنا لە سڵاوکردن بەردەوام بوو کە چاوی بەلافیتەکانی سەر دیواری قەڵات دەکەوت ئەگەر لافیتەی پێدا هەڵگۆتنی ڕژێمی بەعس بوایە نیشانی دەکرد، دوای خۆرئاوا لە گەڕانەوە بە چەقۆیە دەسک سۆرەکەی ناو گیرفانی کە تەنیا بۆ ئەم مەبەستە هەڵی دەگرت، سەیرێکی دەوروبەری دەکرد و لافیتەکەی دەدڕاند، ئەگەر زۆر تووڕە بوایە وەرەقەیەکی خورشیدی بەشیعر یا پەخشانی خۆی دەربارەی هەست و سۆزی کوردایەتی و دژایەتیی بەعس بە کەتیرە لە دیوارەکە دەدا.

ڕۆژێک ڕەئووف زۆر تووڕە بوو، ڕۆژنامەیەکی بینی وێنەی دیکتاتۆری لەسەر بوو لە بەرچاوی کۆمەڵێک گەنج لەلای باتا بەپێڵاو بەسەر وێنەکە کەوت و ڕۆژنامەکەی دڕاند، هەر لەوێ ئەمنەکان دەستگیریان کرد و بە سەرە سمک لێدان ڕاپێچی دائیرەی ئەمنیان کرد کە چەندان جاری دیکە لەوێ بە مانگ و ساڵ، لەسەر کوردایەتی و دژایەتیی ڕژێمی بەعس گیرابوو.

دوای چەند مانگێک لە لێدان و کارەبا و سزا، دۆسیەکەی ڕەئووف درایە مفەوەزەکەی خۆیان تا بیخاتە بەردەست دادوەری لێکۆڵینەوەی ئەمن و کۆنە ڕاپۆرتێکی پزیشکیی چەند ساڵ لەمەوبەری پێوە هاوپێچ کرابوو کە ئاماژەی بە تێکچوونی باری دەروونیی ڕەئووف تاهیر زەنگەنە دەکرد کە بەرپرسی کار و ڕەفتارەکەی نییە.

دادوەرە دڵسۆزەکەی بەعس بە مفەوەزەکەی گوت ئەم ڕاپۆرتە پزیشکییە کۆنە دەبێ جارێکی دی ڕەئووف ببەن بۆ لێژنەی پزیشکی، بەڵکو ئێستا باری دەروونی چاک بووبێتەوە، ئەمە تۆمەتبارە بە ماددەی ٢٢٥ لە یاسای سزا، من بەری نادەم.

مفەوەزەکە گوتی گەورەم کاتی خۆی ئێمە ڕەئووفمان گرت و بە لێدان شێتمان کرد، ئێستاش چەند مانگە گرتوومانە و تەمبێمان کردووە، بەڕێوەبەر گوتی بەری دەن، دادوەر ڕازی نەبوو، مفەوەزەکە گوتی گەورەم دیارە جەنابت لە ئێمە دڵسۆزتری، دۆسیەکەی وەرگرتەوە دڕاندی و خستیە ناو تەنەکەی زبڵەکە و گوتی سێ ڕۆژە ڕەئووف بەردراوە، حاڵی زۆر شڕە، جەنابت قەت بەری مەدە.

## سێ لافاوە گەورەکەی هەولێر لە بەڵگەنامەی عوسمانییەکان

# دیوارەکانی فەرمانگەی پۆستە و تەلەگراف ڕووخان




ئەحمەد معاز "

حکوومەتی دەوڵەتی عوسمانی نزیکەی ١٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا، لە سێ بەڵگەنامەدا باسی سێ لافاوی وێرانکەری لە شاری هەولێر و زیانەکانی کردووە، بڕیاری لەبارەوە دەرکردووە.

بەپێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانییەکان، کە لە ڕۆژی ٣/٢/١٨٨٥ دەرچووە، بڕیاری نۆژەنکردنەوەی بینای فەرمانگەی پۆستە و تەلەگراف لە هەولێر و ژمارەیەک شاری تر دەرچووە، کە ئەوکات لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بوونە.

ئەوکات هەولێر پێگەیەکی گرینگی لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە و جوگرافیاکەی کەوتبووە نێوان ویلایەتەکانی باشوور و باکوری دەوڵەتەکە و فەرمانگەی پۆستە و تەلەگرافی هەولێر میانێکی ناوەند بووە لە نێوانیاندا.

لە بەڵگەنامەکەدا، کە لە ئەنجوومەنی شورای دەوڵەت دەرچووە، ئاماژە بەوە کراوە، دیوارەکانی بینای فەرمانگەی پۆستە و تەلەگرافی هەولێر بەهۆی بارانی بەخوڕ و لافاوەوە، تێک چوون و مەترسیی ڕووخانیان هەیە، بۆیە داوای ١٠ هەزار و ٨٠٠ قورووشی عوسمانی کراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی.

بە بەراورد بە شارەکانی تری ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، داوای بڕە پارەیەکی زۆر زیاتر لە شارەکانی تر بۆ فەرمانگەی پۆستە و تەلەگرافی هەولێر کراوە، جیاوازیی بڕە پارەکە یەکجار زۆرە. هەروەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، داوای بڕی ٨٦٠ قورووش بۆ نۆژەنکردنەوەی فەرمانگەی پۆستە و گەیاندنی لازقییە (ئێستا کەوتووەتە ڕۆژئاوای سووریا) و ٢٠٠ قورووش بۆ هەمان مەبەست بۆ فەرمانگەی پۆستە و تەلەگرافی لوروس لە ئەلبانیا، کراوە.

بارانە بەخوڕەکە و لافاوەکە لە ساڵی ١٨٨٤ لە هەولێر ڕووی داوە و جگە لە زیانگەیاندن بەفەرمانگەی پۆستە و تەلەگرافی هەولێر، زیانی بەچەندین خانووش گەیاندووە، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە، تەنیا بڕیاری نۆژەنکردنەوەی فەرمانگەکەی، داوە.

جگە لە باران و لافاوی ساڵی ١٨٨٤، بەپێی دوو بەڵگەنامەی تری عوسمانی لە ١٩/٣/١٩٠٠ و ١٧/٩/١٩٠٧، بەهۆی بارانی بەخوڕ، لافاو لە ڕووباری زێی بچووک لە نێوان هەولێر و کەرکووک و ناو شاری هەولێر دروست بووە و بەهۆی یەکەمیان، سەدان خانوو لە پردێ وێران بوون و بەهۆی دووەمیشیان، ١٩ خانوو لە هەولێر تێک چوون بەبێ بوونی هیچ زیانێکی گیانی

* بابەت و بەڵگەنامەکان لە کتێبی (وثائق اربيل في عهد العثماني) وەرگیراوە



وێنە: زیرەکی دەستکرد

---



نووری بێخاڵی

# پێنج بە شەش!

لە ڕەوانشاد باوکم و پیر و بەساڵاچووانی گوندەکەم بیستوومە کە جاران لە کوردەواریدا، خەڵکی گوندەکان کە بەروبوومەکانیان دەهێنایە شار تا ساغیان بکەنەوە، زۆربەیان لە بریی پارە، بە ئازووقە یان کەلوپەل و پێداویستیی ڕۆژانە دەیانگۆڕییەوە. بەقسەی ئەوان، ئەم سات و سەودایە نەدەچووە خانەی ڕیبا و حەرام و ئەو شتانە، بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە چۆن و بە چ پێوانە و پێوەرێک بووە کە نەکەوێتە ئەو خانەیە، سەر بەسەر یان کەمێک لەم و زیادێک لەو؟ نازانم!

ئەم بابەتی ئاڵوگۆڕەی نێوان گوندی و شارییان، خەیاڵمی بردەوە سەر بەزمی پێنج بە شەشی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، کە بەزمێکە بۆ خۆی.

هەرکە باس و خواسی سات و سەودا و مامەڵەی دراو بێتە گۆڕێ، یەکڕاست زەینی هەمووان بۆ گوناهی ڕیبا و سوو و ئەو شتانە دەچێت. جا ئەم سات و سەودایە لە ئاڵوگۆڕی دراو بێت یان کڕینی شت بە قیست یاخود وەرگرتنی قەرزی بچووک، بەڵام ئەو ڕۆژگارەی دیناری ئاسن دینار بوو، ڕیبا بارەکەی خوار بوو!

ئەوانەی لەناو تاڵییەکانی سەرەتای نەوەتەکانی سەتەی ڕابردوودا ژیاون، ئەو ڕۆژانەی لەناو بازاڕ و کوچە و کۆڵانی ئەم هەولێرە نەدەوێرای چوار قالبە سابون لەناو عەللاگەی ڕەش بەدەستەوە بگریت، ئەو ڕۆژانەی گەمارۆ و گرانی بەربینگی هەموومانیان گرتبوو، ئەو ڕۆژانەی خەڵک لە وەرزی دروێنەدا دەچوون پاشماوەی قەرسیلان دەگەڕان یان بەدوای دەڕاسە دەکەوتن بۆ ئەوەی گوڵە گەنمەکان هەڵبگرنەوە و بیانبەن و بۆ چنگێک ئارد لە ئاشی بکەن، ئەم بەزمی پێنج بە شەشەیان لە یادە.

لە وتارەکەی ژمارەی پێشووی (گڵکەند)ی ئەزیزدا باسم لەوە کردبوو کە دەبوو لە بەشی ناوەخۆییەوە بە دوو ڕیم بچمە زانکۆ، گەڕانەوەش هەر وا، واتە ڕۆژی چوار دینار و مانگی (هەینی و ڕۆژانی ئۆفیشی لێ دەربهێنە) هەشتا و هەشت دینار. بۆیە هەر دینارێک نا، بگرە دووسەت و پەنجا فلسیش بۆ ئێمەی قوتابیی بەشی ناوەخۆیی کە نە کارەبای هەبوو و نە ئاو و نە دەرماڵەشمان هەبوو، هەر زۆر زۆر بوو.

ئەو ڕۆژگارە دیناری ئاسن هەبوو و لەم قاڕی بازاڕەی دەلاڵخانە و شێخەڵڵایەدا، ئەگەر پێنج دیناری کاغەزت هەبووایە، دەتتوانی بە شەش دیناری ئاسن بیگۆڕیتەوە. واتە لە هەر پێنج دینار، دینارێکت قازانج بوو. ئێ بەمەش پارەی لەفەیەک یان سەرێکی ڕیمت مسۆگەر دەکرد و هەر ڕیبا نا، هەموو شتت لە بیر دەکرد!

بیرمە جارێکیان برادەرێک بە پێچوپەنا و هێن و منهێن باسی پێنج بە شەشی بۆ دایکی دەکرد. دایکی ئەو برادەرەم کە ئیماندارێکی سەرڕاست بوو، سەرەتا وای دەزانی مەتەڵە، بەڵام کاتێک لە وردەکاریی بەزمەکە گەیشت، بە چۆکی خۆیدا کێشای و گوتی: هەی سەر بەهەش، پێنج بە شەش، گوناهە وەک سیحری ڕەش!

# عیماد پاشا

# بە تابلۆکانی فەرید ئەتڕەش و ئەسمەهان ماتۆڕێکی کڕی



عیماد محیەدین عەزیز ناسراو بە پاشا یەکێك لە وێنەگرە دێرینەکانی شار بوو، بەهۆی پاشخانە هونەرییەکەی کە شێوەکارێکی لێهاتوو بوو، هەوڵی دەدا هونەری فۆتۆگرافی لە خزمەتی مێژووی هەولێر بەکار بێنێت.

نازم دڵبەند

ئەگەر سەیری جامخانەی ستۆدیۆ (الفنون) ت بکردبا، کە کەوتبووە بەرامبەر چایخانەی (مەچکۆ)، ڕۆژانە نوێکارییەکانی پاشات دەدیت، کە بووبووە جێی سەرنجی هەمووان. لە دوای ماڵئاواییی خۆیشی، عیماد پاشای کوڕی ڕێچکەی بەرنەدا، چونکە هەر لە منداڵییەوە لەبن دەستی ئەو کاری دەکرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی کوڕەکەی وەک خۆی فۆتۆ بناسێ و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەر واش دەرچوو.

عیماد دوای ماڵئاوایی محیەدین پاشای باوکی، بووە جێگرەوەی و ئەم شێوازە هونەرییەی لە فۆتۆ بەر نەدا و توانی سەروەریی ئەم ستۆدیۆیە بپارێزێ و هەر خۆشی ناوی (پاشا) هەڵگرێ.

لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ڕابردوودا عیماد پاشاش کۆچی دوایی کرد، کە مامۆستای پێشووی کۆلێژی هونەرە جوانەکانیش بوو، ئەو خاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی هەولێر و شۆڕشیش بوو.

بەهرەی عیماد پاشا هەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی سەری هەڵدا، کە قوتابیی (اربیل الاولی) بوو، ڕۆژێکیان هونەرمەند دانیاڵ قەساب، کە ئەو کات مامۆستای هونەر دەبێت، تەماشای دەکات لە هونەری شێوەکاری دەستڕەنگینە، بۆیە لە مەرسەمی قوتابخانە شوێنێکی بۆ تەرخان دەکات، ئەویش ڕۆژ بەڕۆژ داهێنانی جوان دەکات و دەست بە دروستکردنی پۆرترێتی هونەرمەندە بەناوبانگەکانی ئەوێ ڕۆژێ دەکات، وەک فەرید ئەتڕەش و ئەسمەهان. کە ئەو کات ئەوانە لە بازاڕ باو بوون و بەخێرایی دەفرۆشران، بۆیە بە پارەی ئەو پۆرترێتانە توانی ماتۆڕێک بکڕێت.

عیماد پاشا لە ساڵی ١٩٥٨ دوای شۆڕشی تەمووز، لە بەردەم چایخانەی کورد و عەرەب لە گەڕەکی تەیراوە، تابلۆی کورد و عەرەبی بە ئەندازەی (٦-١٠) م دروست کرد.

لە دوای بەیاننامەی یازدەی ئاداریش، وێنەیەکی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی بە ئەندازەی (٦-١٠) م گەورە کرد و بە بڵندایی قەڵاتێیدا هەڵواسی، لە دوایدا وەکو لە شارۆچکەی دیلمان چووە خزمەتی بارزانی و لەوێ وێنەکەی بە دیاری پێشکێش کرد.

عیماد پاشا لە سەرەتای کارکردنیدا وەک وێنەگر، لەگەڵ کەسێک بە ناوی سەعدون کەرکووکی دوکانێکی وێنەگرتنی لای مزگەوتی مەحموود عەلاف کردەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٦٠ چووە بەرامبەر قەڵاتێ و لەوێ لە دوکانێکدا پەرەی زیاتری بە کاری فۆتۆیی خۆی دا.

ئەگەر بگەڕێینەوە ناو ئەرشیفەکەی، کارامەییی پاشای کوڕمان بۆ دەردەکەوێ، کە چۆن توانیویەتی مێژووی هونەریی ئەم شارە بە فۆتۆ بپارێزێ و ئەمڕۆش بەشێکی تایبەتی لە مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر وەک قوتابییەکی قوتابخانەی (اربیل الاولی) بۆ کارەکانی تەرخان بکرێت.

لە کۆتاییی حەفتاکاندا محیەدین پاشای باوک عیمادی کوڕی بەمەبەستی خوێندن ناردە ئیتاڵیا و لە شاری فلۆرەنسا گیرسایەوە، عیمادیش وەکو باوکی یەکێ بوو لە بەهرەمەندەکانی هەولێرێ لە بواری شێوەکاری و فۆتۆگرافی، بۆیە کە گەیشتە ئەوێ یەکێ لە کارە هونەرییەکانی دروستکردنی وێنەی سەرۆک وەزیرانی ئەوسای ئیتاڵیا بوو و پێشکێشی کرد.

ئەو چەند ساڵەی لە ئیتاڵیا مایەوە، بەسەرکەوتوویی کارەکانی خۆی دەکرد، بەڵام بەهۆکاری ماڵئاواییی باوکییەوە، ناچار بوو بگەڕێتەوە هەولێر و ببێتە هەڵسوڕێنەری دوکانەکەی باوکی و پاراستنی ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی، کە هەموو کات شانازیی پێوە دەکرد، دواجاریش لە سەرەمەرگدا تاقە وەسیەتنامەی ئەوە بوو، کە ئەرشیف و مێژووی (پاشا)ی باوکی بە زیندوویی بمێنێتەوە.



پشتیوان عەبدوڵڵا

## دایناسوڕەکەی زامدار و باجەلان

ڕێک ناوەڕاستی هەشتاکان، نووسەر و ئەدیبانی کورد هەمیشە عەودالّی وشە و بابەتی تازە و هەوڵدان بوون بۆ نوێخوازی، هەوڵیان دەدا وشەی تازە و سەیر و بەکارنەهێنراو لەنێو بابەتە ئەدەبییەکاندا بەکار بێنن، مەحموود زامدار یادی بەخێر بەردەوام لە نووسینەکانیدا یاریی بەوشەکان دەکرد و زاراوە و موستەڵەحی سەیر سەیری بەکار دەهێنا. هیچ بابەتێکی نەبوو، وشە و زاراوە و شتێکی نامۆ و سەیر و تازەی تێدا نەبێ.

لەلایەکی دیکەوە ، یادی بەخێر ڕۆستەم باجەلانی شاعیریش لە زنجیرە شیعری گرانەتا، ئەویش لە هەوڵدا بوو وشە و زاراوە و بابەتی تازە بخاتە نێو شیعرەکەیەوە، کە ناوی لێ نابوو (گرانەتا). ئەم شیعر و قەسیدەیە لەلای باجەلان بەفۆرمی قورس ناو دەبرا، وەلێ بۆ سەردەمی خۆی، کارێکی نوێخوازانە بوو، گفتوگۆی زۆری لەسەر دەکرا.

وا ڕێک کەوت باجەلان لە شیعرەکەیدا وشەیەکی سەیری بەکار هێنابوو، کە دایناسوڕە، هێمای زلی و کەللە بۆشی و ڕەقی بوو. لە هەمان کاتیش لە چەندین وتاریدا زامداری نوێخواز، وشەی دایناسوڕی بەکار هێنابوو.

جا دیار نەبوو کێ پێشتر ئیلهامی بەکارهێنانی ئەو ناو و وشەیەی هاتبووە خەیاڵ. هەڵبەت هەر یەکێکیان بە شێواز و فۆرم و جۆرێک، وشە و ناوەکەی بەکار هێنابوو. بەڵام باجەلان وشەکەی بە هی خۆی دەزانی و زۆر پێ قەڵس بووبوو. چونکە وا دیار بوو کە دڵی زۆر بە بەکارهێنانی وشەکە خۆش بوو. کەچی لای زامدار، حاڵەتەکە ئاسایی بوو، چونکە ئەو ڕۆژانە بەدوای شتی تازە و دانسقەدا دەگەڕا.

ڕۆژێکی زستانی ١٩٨٦، باران نمە نمە دەباری، لەگەڵ مەحموود زامدار دەڕۆیشتین، ئەو چەتری بارانی هەڵدابوو، تا هەردووکمان لە تەڕبوون بەئاوی باران بپارێزێ، لە دوورەوە ڕۆستەم باجەلان ئێمەی دیت و بە غار هاتە لامان، ئەویش چەتری بارانی پێ بوو، باجەلان بێ ئەوەی سڵاو بکات، بەتووڕەیییەوە بە زامداری گوت ئەوە لۆ وشەی دایناسوڕی منت بردووە و بەکارت هێناوە؟ زامداریش گوتی دایناسوڕی چی؟ ئەوە تێکچووی؟ لە وەڵامدا باجەلان گوتی وشەی دایناسوڕ کەس پێش من بەکاری نەهێنایە و نوێکاریی منە، تۆش بێ ئەوەی ئیشارەت بە من بدەی وەک سەرچاوە، لە نووسینەکانت بەکارت هێناوە، قبوڵ ناکەم. زامداریش بە گاڵتەوە پێی گوت ئێ خۆ دایناسوڕ موڵکی باب و باپیرت نیە، قوڕبەسەرەی چەند قەڕنێکە قڕان بووە.

ئێتر باجەلان زۆر تووڕە بوو، هەوڵی دا بە چەترەکەی دەستی لە زامدار بدات و زامداریش بە چەتری دەستی بەرگریی کرد، لەو ناوەدا من بووم بە ناوبژیوان، بەڵام سوودی نەبوو، شەڕەکە خەریک بوو گەرم دەبوو، باش بوو پۆلیسێکی شەقام هات لێی پرسین ئەو شەڕە لەسەر چییە؟ باجەلان گوتی ئەوە دایناسوڕی لێ دزیمە. پۆلیسەکە خەریک بوو شێت بێت. زامداریش گوتی دایناسوڕ قەڕنێکە قڕان بووە، کەچی ئەو پیاوە خۆی بە خاوەنی دەزانی.


▪ خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ
▪ سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا
▪ دیزاین:
ئاراس ئەکرەم
▪ لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی
▪ دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید
کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (11), Sunday 2/3/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند




وێنە: ئازاد ساڵح